# مێژوونووسین لای کورد لە عێراقدا (١٩٦٨-١٩٧٥) لە چوارچێوەی کتێبی چاپکراو بە زمانی کوردی

**بەشدار عومەر رەفیق** [١]، **محەمەد عەبدوڵا کاکەسوور** [٢]
[١] بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر، پەروەردەی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق
[٢] بەشی مێژوو، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

Corresponding author's e-mail: bashdarumar80@gmail.com

## ملخص

تهدف هذه الدراسة التي تحمل عنوان "كتابة التاريخ للكتاب الكرد في العراق بين 1968-1975 في اطار الكتب الكردية المطبوعة ، إلى التحقق من تلك الكتب المطبوعة المكتوبة والمنشورة باللغة الكردية من قبل المؤلفين الكرد في العراق. علاوة على ذلك ، يتم أيضًا التحقق من الطريقة التاريخية المستخدمة في تلك الكتب المطبوعة جنبًا إلى جنب مع سيرة المؤلفين والمؤرخين. لهذا الغرض تناقش هذه الدراسة الكتب الستة التي طبعت في بغداد وكركوك ، وتلك الكتب الثمانية التي طبعت في السليمانية. المؤرخون هم من فئات وطبقات مختلفة في كردستان بما في ذلك السياسيين والأكاديميين والمحامين والمتدينين ومعلمي المدارس والشعراء والعلماء. وهذا يدل على رغبة الفئات وطبقات المختلفة في كتابة التاريخ في المجتمع الكردي في ذلك الوقت. يبدو أن الجودة الأكاديمية والعلمية والمنهجية المستخدمة في كتابة كتب التاريخ في ذلك الوقت مختلفة بسبب حقيقة أن المؤلفين والمؤرخين كانوا في مستويات مختلفة مما جعل الكتب مختلفة في الكتابة وتبني منهجيات البحث .

## Abstract

This study, which is entitled “writing history by Kurdish authors in Iraq between1968-1975 in Kurdish printed books, aims at investigating about those printed books in written and published in Kurdish by Kurdish authors in Iraq. Moreover, the historical method used in those printed books are also investigated together with the biography of the authors and the historians. For this purpose, this study discusses those 6 books that were printed in Baghdad and Kirkuk, and those 8 books that were printed in Sulaimani. The historeans were peoples of different backgrounds in Kurdistan including politicians, academics, lawyers, religious people, school teachers, poets, and scholars. This indicates the desire of writing history by peoples of different backgrounds in the Kurdish society at that time. The academic and scientific quality and the methodology employed in writing history books at that time seem to be different due to the fact that authors and historians were at different academic levels and that had made the books to be different in writing and adopting research methodologies from one atuthor to another.

| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
|---|---|
| بەرگ | ٥ ژمارە ٤ ساڵی(٢٠٢٠) |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن:٢٠٢٠/٧/٩ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن:٢٠٢٠/٩/٢٠ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە:٢٠٢٠/١٢/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | bashdarumar80@gmail.com |
| مافی چاپ و بڵاوکردنەوە | © ٢٠٢٠ م. ی.بەشدار عومەر رەفیق، پ. د. محەمەد عەبدوڵا کاکەسوور،گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

**کلیلی وشەکان:** مێژوونووس ، ڕێبازی مێژوونووسی، کتێب، کوردی, نووسینەوەی مێژوو.

## پێشەکی

مێژوونووسین یان نووسینەوەی مێژوو پرۆسەیەکی مرۆڤکردە و بەشێوەی دەستنووس یان لە چوارچێوەی وتاری ڕۆژنامە وگۆڤارەکان یان تەرخانکردنی کتێبی تایبەت بە بابەتێکی مێژوویی و چەند جۆرێکی تریش ئەنجام دەدرێت، ئەوەی ئەم توێژینەوەیە گرنگی پێدەدات بابەتی مێژوونووسینە لای کورد لە عێراقدا(1975-1968) لە چوارچێوەی کتێبی چاپکراو بە زمانی کوردی، کەواتە هەر کارێکی مێژوونووسی بەشێوەی کتێب لە نێوان ساڵانی(1975-1968) لە لایەن مێژوونووس و نووسەرانی کوردەوە لە سنووری عێراقدا نووسرابێت وچاپکرابێت لە خۆ دەگرێت، کە کەسانی کورد لە ئاستی جیاوازی ڕۆشنبیری و پیشەیی وەك مامۆستا و نووسەر و سیاسی و ئەدیبان و پارێزەران و فەرمانبەران و پیاوانی ئاینی.... هیتر لەم قۆناغە مێژووییە دیاریکراوەدا بە ئەنجامیان گەیاندووە .

ئامانجی توێژینەوەکەمان چەند لایەنێك لە خۆ دەگرێت وەك خستنەڕووی ئەو کتێبانەی لەو ماوە مێژووییە دیاریکراوە بە زمانی کوردی نووسراون، لەڕووی چەندیەتی کتێبەکان و بابەتەکانی ناوەرۆکیانەوە و کورتەیەك لە ژیانی هەر نووسەرێك، هەروەها هەوڵماندراوە بەپێی توانا ڕێبازی پەیڕەوکراوی زانستیی لە نووسینەوەی کتێبەکان و پابەند بوونی نووسەرەکان بە بنەما زانستییەکانی توێژینەوەیەکی زانستی بخەینەڕو، ئەویش بە پشت بەستن بەو توێژینەوەو کتێبانەی دەربارەی ڕێبازەکانی توێژینەوەی زانستی نووسراون.

توێژینەوەکە لە دوو تەوەرەدا ئەو کتێبانەی لەو ماوە مێژووییە دیاریکراوەدا چاپکراون دەخاتەڕوو، تەوەرەی یەکەمی توێژینەوەکە تەرخانکراوە بۆ ئەو کتێبانەی لە بەغداد و کەرکوك چاپکراون، ئەوانیش شەش کتێبن و پێنجیان لە بەغداد چاپکراوە و یەك کتێبیشیان لە کەرکوك چاپکراوە. تەوەرەی دووەمی توێژینەوەکە تایبەتکراوە بۆ ئەو کتێبانەی لە سلێمانی چاپکراون و ئەوانیش ژمارەیان هەشت کتێبە لەو ماوە دیاریکراوەدا.

## باسی یەکەم/ ئەو کتێبانەی لە بەغداد و کەرکوك چاپکراون:

### ١- احمد خواجە :

ئەحمەد کوڕی عەزیز کوڕی عوسمان ئاغای ئەردەڵانییە، باوکی (عەزیز) بە خواجە ئەفەندی بەناوبانگ بووە، لەساڵی ١٩٠٣ لە سلێمانی لە دایك بووە، لە خوێندنگەی ئاینی باوکی خوێندوویەتی، پاشان چووەتە خوێندنگەی فەرمییەوە، لە سەردەمی جوڵانەوەکانی شێخ مەحمود ژیاوە، و شێخ مەحمود متمانەیەکی زۆری پێکردووە لەبەر ئەوە کردویەتی بە سکرتێر و دەفتەرداری خۆی و نامەکانی خۆی پێدا ناردووە بۆ بەرپرسانی ئێران و ڕووسیا، و سەرۆکی دەرچوونی ڕۆژنامەی(ئومێدی ئیستقلال) بووە لە ژمارە (١-٣)، ئەحمەد خواجە کتێبێکی مێژوویی لە سێ بەرگدا بەناونیشانی(چیم دی)نووسیوە، کە بریتین لە یاداشتەکانی ئەحمەد خواجە، نووسەر بەشێوەیەکی ورد باسی ڕووداوەکانی سەردەمی شێخ مەحمود دەکات، ناوبراو لە ڕێکەوتی ٣/٤/ ١٩٩٧ لە بەغدا کۆچی دوایی کردوە و لە گردی سەیوان لەسلێمانی بەخاك سپێردراوە (https://www.gilgamish.org/ المؤرخ احمد خواجە؛ بابان،٢٠٠٦، ٥٤).

بەرگی یەکەمی کتێبەکەی بەناونیشانی (چیم دی) لە ساڵی ١٩٦٨ لە چاپخانەی شەفیق لە بەغدا چاپکراوە و پێکهاتووە لە (١٦٠) لاپەڕە، ناوەڕۆکی ئەم کتێبە دابەشی سەر چەند باسێك کراوە(خواجە، ١٩٦٨). لە دەسپێکدا بەناوی(مەرام) کە لە جیاتی پێشەکی دانراوە دەڵێت : "ئەوکارەساتەی بەچاوی خۆم بینیومە و ئەوانەی بە بیستنێکی ڕاست بیستومە و ئەوانەی خوێندوومەتەوە دەیخەمە پێشچاو"(خواجە، ١٩٦٨، ٤-٥).لە سەرباسێکدا بەناوی (کورد لەباوی عوسمانی دا) باس لەوە دەکات کوردەکان بە سەرۆکایەتی شێخ مەحمود لە ماوەی جەنگی یەکەمی جیهانی دا(١٩١٤ – ١٩١٨) سوپایان لێ ئامادەکراوە و بە لایەنگری عوسمانییەکان جارێك دژی ڕووسیای قەیسەری و جارێك بەرامبەر بە ئینگلیز جەنگاون و سەدان ڕۆڵەی کورد کوژراون(خواجە، ١٩٦٨، ٦-١٤) پاشان باس لە کۆتاییەکانی دەسەڵاتی عوسمانی و هاتنی ئینگلیز و ڕووسەکان بۆ ناوچەکە دەکات(خواجە، ١٩٦٨، ١٥-٢٠). دواتر باس لە هاتنی مێجەرنوئێل حاکمی سیاسی ئینگلیز لە عێراق بۆ سلێمانی لە ڕێکەوتی ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩١٨ و دانانی شێخ مەحمود بە حوکمدار و پاشان سیاسەتی کاربەدەستانی ئینگلیز لە سلێمانی بەرامبەر بە

خەڵکی شارەکە دەکات، دەڵێت ستەمی زۆریان لە خەڵکی دەکرد و (شێخ مەحمود)هیچ دەسەڵاتێکی نەبوو، نەشی دەوێرا هیچ بڵێت لە ترسی ئەوەی نەوەك ئینگلیزەکان دڵگران بن(خواجە، ١٩٦٨، ٢٠-٢٧)، پاشان باسی خراپی سیاسەتی ئینگلیز دەکات، بەتایبەت بەرامبەر بە کەسایەتی حوکمدار(خواجە، ١٩٦٨، ٢٧-٣٨).

(ڕۆژی ٢١ی مایس جەنگی کورد و ئینگلیز) ناونیشانی بابەتێکی ئەم کتێبەیە، بەشێوەیەکی ورد باس لە جەنگی دەربەندی بازیان و دەستگیرکردنی شێخ مەحمود لەلایەن ئینگلیزەوە لە ٢٢ی حوزەیرانی ١٩١٩ و دورخستنەوەی شێخ مەحمود بۆ هندستان دەکات(خواجە،١٩٦٨، ٣٨-٥٦). دواتر باس لە هەڵوێستی گشتی کورد بەرامبەر بە دەستگیرکردنی شێخ مەحمود لە لایەن ئینگلیزەوە دەکات(خواجە، ١٩٨٦، ٥٧-٨٨) پاشان باس لە گۆڕانی سیاسەتی ئینگلیز دەکات بۆ سیاسەتێکی نەرم هەتا گەڕانەوەی شێخ مەحمود بۆ سلێمانی لە ٢٢ی ئەیلولی ١٩٢٢ دا و دواتر ڕاگەیاندنی حکومەتەکەی شێخ مەحمود لە ١٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢، ناوی وەزیرەکان و کارەکانی شێخ مەحمود دەنووسێت(خواجە، ١٩٦٨، ٨٩- ١٢٤).لەبابەتێکی تردا بەناوی (دیسان شێخ مەحمود و ئینگلیز)، ئەحمەد خواجە دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندی نێوان شێخ مەحمود و ئینگلیزەکان لەدوای ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان لە ساڵی ١٩٢٢ دا، دوای ئەوەی شێخ مەحمود خۆی بە حوکمداری کوردستان ڕاگەیاند پەیوەندی ئینگلیز و شێخ مەحمود ڕۆژ بە ڕۆژ تێکدەچێت، لەبەر ئەوە شێخ مەحمودیش لە ڕێکەوتی شەوی ٣/٢ ی مارت بە سوپاکەیەوە شاری سلێمانی بۆ دۆڵی سورداش چۆڵ کرد (خواجە، ١٩٦٨، ١٢٥-١٥٢)، بەم باسە ئەحمەد خواجە کۆتایی بە بەرگی یەکەمی یاداشتەکەی دەهێنێت.

ئەم یاداشتەی ئەحمەد خواجە ئەگەرچی زیاتر گێڕانەوەیە و لێکدانەوەی کەمی تێدابەدی دەکرێت بەڵام لەڕووی زانیارییەوە سەبارەت بە ڕووداوەکانی ئەوماوە مێژووییەی باشووری کوردستان و بەدیاریکراویش دەربارەی شۆڕشەکانی شێخ مەحمود زۆر دەوڵەمەندە، لەبەرئەوە وەکو سەرچاوەیەکی زۆر بە بایەخ بۆ زۆر توێژینەوەی مێژوویی پشتی پێبەستراوە و وەکوو سەرچاوە یەکەمینەکان بەکار هێنراوە. بۆ نمونە( ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی) وەك یەکێك لەسەرچاوە سەرەکییەکانی لە نووسینی نامەی ماستەرەکەیدا ناوی هێناوە(شوانی، ٢٠٠٢، ١٢). لەگەڵ هەموو ئەو تایبەتمەندیانەی (چیم دی)(ئەحمەد خواجە) لەڕووی بەسوودی بۆ مێژووی کورد، سەرچاوەی سەرەکییە بۆ ڕووداوەکانی سەردەمی شێخ مەحمود. بەڵام لە ڕەخنەی نووسەرانیش بەدەر نییە بەتایبەت لەو ڕوانگەیەوە کە (ئەحمەد خواجە) مێژوونووسین و یاداشت نووسیی تێکەڵ کردووە، کە هەریەکەیان قورسایی زانستی خۆیان هەیە بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی زانیارییە مێژووییەکانی ڕابردوو(زراری، ٢٠١٩، ٥٥-٦٠). بەڵام لەڕووی ڕاستی زانیارییەکانییەوە دەتوانرێت بوترێت تارادەیەکی زۆر باش ڕاستگۆیانە ڕووداوە مێژووییەکانی خستوەتەڕوو بۆ نموونە ئەگەر زانیارییەکانی لەگەڵ زانیارییەکانی هەریەك لە یاداشتەکانی ئەحمەد تەقی(تەقی، ١٩٧٠)و هەروەها یاداشتی ڕەفیق حلمی(حلمی، ٢٠٠٣) و کتێبەکانی تری تایبەت بە شۆڕشی شێخ مەحمود بەراورد بکرێن ئەم ڕاستییە بەدیار دەکەوێت.

## ٢- صاڵح قەفتان :

لە ساڵی ١٨٨٥ لە سلێمانی لە دایك بووە، خێزانەکەیان بە قەفتان ناسراوە کە یەکێکن لە خێزانە ناسراوەکانی شاری سلێمانی ، لە بەغدا ئامادەیی سەربازی تەواوکردووە، چووەتە ئەستەنبوڵ و کۆلێژی سەربازی تەواوکردووە و بە پلەی ئەفسەر دەرچووە، و پاشان چووەتە سوپای عوسمانییەوە، دوای لەناوچوونی دەوڵەتی عوسمانی گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی و بەشداری چالاکیە سیاسیی و ڕۆشنبیرییەکانی سلێمانی کردووە(بابان، ٢٠٠٦، ٤٠٦)، لە ساڵانی(١٩٢٣-١٩٢٥) مامۆستابووە و بەڕێوەبەری خوێندنگەی (فەیسەڵییە)بووە لە سلێمانی چەند بابەتێکی لە گۆڤاری(ڕووناکی)و ڕۆژنامەی (ژین) بڵاوکردووەتەوە، لە ساڵی١٩٦٨ لە سلێمانی کۆچی دوایی کردووە و لە گردی سەیوان بە خاك سپێردراوە(البیضانی، ٢٠١٢، ١٧٦-١٧٧).

کتێبەکەی لەژێر ناونیشانی(مێژووی نەتەوەی کورد- حالەتی سیاسی، مێژوویی، کۆمەڵایەتی، ئاوەدانی گەلی کورد لە سەرەتای مێژووەوە). ئەم کتێبە لە چاپخانەی(سلمان الاعظمی) لە بەغدا ساڵی ١٩٦٩ چاپکراوە، و بریتییە لە (٤٠٨)لاپەڕە، کتێبەکە دوای کۆچی دوایی (صاڵح قەفتان) لەسەر ئەرکی(فەهمی قەفتان)ی برازای (صاڵح قەفتان) لە چاپدراوە و پێشەکییەکی لە لایەن (کاوس قەفتان)ی برازای (صاڵح قەفتان) بۆ

نووسراوە(بابان، جمال، ٢٠٠٦، ٣-٤ ؛ قەفتان، ١٩٦٩، ٣-٤). هەروەها لە پێشەکی نووسەردا لەژێرناونیشانی(پێشرەو)، نووسەر دەڵێت:"زۆر دەمێکە مەبەستم بوو مێژوویێکی میللی بنووسمەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە زمانی بیانیدا شارەزایم نەبوو نەمدەتوانی، بەڵام کاتێك بەرهەمە مێژوویەکەی(محەمەد ئەمین زەکی)دەرچوو، ئیتر ئەم کاری مێژوونووسینە بۆمن ئاسان بوو" (قەفتان، ١٩٦٩، ٥-٦).

ناوەڕۆکی ئەم کتێبە دابەشی سەر چەند باسێك کراوە، بەجۆرێك لە سەرەتای پەیدابوونی ئادەمیزاد لەسەر زەوی باس دەکات هەتاوەکو بەشێك لە ڕووداو و شۆڕشەکانی کورد لە سەدەی بیستەمدا. لە یەکەم سەرباسدا بە ناوی پەیدابوونی ئادەمیزاد لەسەر زەوی، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بەردین(قەفتان، ١٩٦٩، ٧-٢٧)، پاشان باس لە هەڵکەوتەی سروشتی کوردستان و ئاو و هەواکەی و سەرەتای کۆچکردنی نەتەوەکان و پەیدابوونی کورد لە کوردستاندا دەکات (قەفتان، ١٩٦٩، ٢٨-٤٤). بۆ ئەم باسانەی چەند سەرچاوە و نەخشەیەکی بەکاری هێناوە. لەسەرباسێکی تردا بە ناونیشانی (دەستە نەتەوەی پێشینان وپەیدابونی عیلام، کاسی، گۆتی، لۆللۆ، سۆباری، میتانی، نایری، ئۆرارتۆ)دا باس لە پەیدابوون و شوێنی جوگرافی و ئەو دەسەڵاتانەی بنیادیان ناوە لەناوچەکاندا دەکات و ڕۆڵیان لە بنیادنانی شارستانییەتی تایبەت بەخۆیان ڕووندەکاتەوە (قەفتان، ١٩٦٩، ٤٥-٨٦)، نووسەر لەم بابەتانەدا دەگەڕێتەوە بۆ دەیان ساڵ پێش لە دایك بوونی عیسا، زانیاری و وردەکاری زۆر پێشکەش دەکات، بەڵام لەپشت بەستن بە سەرچاوەکان تەنها(محەمەد ئەمین زەکی)ی بەکارهێناوە، لەوانەیە مێژوونووس نەتوانێت سەرچاوە و بەڵگە لەسەر هەموو بابەتێکی مێژویی دەست بخات ئەمەش تاڕادەیەك ئاساییە(الدوري وأخرون، ١٩٦٣، ٢٥). لەسەرباسێکی تردا بەناوی( کۆچڕەوی دوایی هاتنی ئەقوامی ئاری تازە، ماد، مانای، پارت، پارس، کاردۆخ) تیشك دەخاتە سەر ژیان و گوزەران و پێکهاتە و پەیوەندی هۆزایەتییان، بەتایبەتی بەدرێژی باس لە حکومەتی ماد(٨٦٠-٥٥٠ پ.ز)دەکات، لە قۆناغەکانی دامەزراندن و بەهێزبیان و پاشان لاوازبوون و لەناوچوونیان(قەفتان، ١٩٦٩، ٨٧-١٢٣).

لە باسێکی تردا بەناوی( مەدەنیەتی نەژادی کورد شکل و تەبایات و ژیانی عێلاتی پێشو)دا لە سەرەتادا باس لە سروشتی ژیانی نەتەوەی کورد و پەیوەندی هۆزایەتییان دەکات، و پاشان بیروباوەڕی کۆنی کورد لەڕووی ئاینییەوە باس دەکات بەتایبەتی تیشك دەخاتە سەر ئاینی زەردەشتی(قەفتان، ١٩٦٩، ١٢٤-١٦٣). نووسەر لەم باسەیدا جگە لە کتێبی (مێژووی کوردو کوردستان)ی (محەمەد ئەمین زەکی) کە چەند جارێك ناوی هێناوە، سوودی لە چوار سەرچاوەی تر وەرگرتووە، و زۆرجاریش کاتێك هەستی کردووە بابەتێك زیاتر لەوەی پێویستە کە ئەو باسی دەکات، خوێنەر ئاڕاستەی سەرچاوەیەکی تر دەکات، ئەمەش بەئاگایی نووسەر بەدیاردەخات لەو ڕووەوە کە بابەتێك زیاتر لەوەی پێویستە کەئەوباسی دەکات. پەیدابوونی ئاینی ئیسلام و لە ناوچوونی کەیانی ئاری کۆن(٥٧١-٦٣٢ز)سەرباسێکی تری ئەم کتێبەیە لەم بابەتەدا باس لە شکستی سوپای ساسانی بەرامبەر سوپای عەرەبەموسڵمانەکان وهاتنی سوپای ئیسلام بۆ ناوچەکانی کوردستان دەکات(قەفتان، ١٩٦٩، ١٦٤-١٧٥). دوای ئیسلامەتی هەواڵی مێژوویی کورد و کوردستان، سەرباسێکی ترە تێیدا لەسەرەتادا باسی هەڵوێستی کورد بەرامبەر خەلافەتی ئەمەوی و عەباسی کراوە، پاشان لەبابەتی سەربەخۆیی کورد تیشکی خستووەتە سەر حکومەتی ڕوادی لە ئازەربایجان وحکومەتی مەروانی و دۆستەکی و حکومەتی بەرزەکانی، پاشان بەوردی باس لە دەوڵەتی ئەیوبی دەکات(قەفتان، ١٩٦٩، ١٧٦-٢٦٧). شایەنی باسە لەم بابەتە مێژووییەدا جگە لە بەرگی دووەمی (مێژووی کوردو کوردستان ی محەمەد ئەمین زەکی) و کتێبی(تاريخ الامة العربية ی درويش المقدادی) هیچ سەرچاوەیەکی تر بەدیناکرێت .حکومەتی زەند لەئێران (١٧٥٣-١٧٩٤) سەرباسێکی تری کتێبەکەیە، نووسەر بەکورتی تێیدا باس لە کەسایەتی و توانای کەریم خانی زەند بۆ دامەزراندنی حکومەتی زەند و فەرمان ڕەوایەتییەکەی دەکات (قەفتان، ١٩٦٩، ٢٦٨-٢٨٣). پاشان لە چەند سەرباسێکدا باس لە هەر یەك لە میرنشینەکانی ئەردەڵان و سۆران و بابان دەکات(قەفتان، ١٩٦٩، ٢٨٤-٣٢٢).

لەدوایدا (صالح قەفتان) باسی چەندین بابەتی مێژووی کورد دەکات کە هەریەکەیان پێویستییان بە کتێبێکە، لەوانە کورد لە سەردەمەکانی بوەیهییەکان، سەلجوقییەکان، ئەتابەگەکان، خوارزمیەکان، سەفەویەکان، عوسمانییەکاندا هەریەکێك لەم بابەتانە بەچەند دێرێکی کەم باس دەکات(قەفتان، ١٩٦٩، ٣٢٣-٣٤٧). شایەنی باسە لەم چەند بابەتەدا نووسەر چەند بابەتێکی مێژوویی کردووەتەوە کەپێویستی بەدەیان لاپەرە هەیە بۆ ئەوەی تاڕادەیەك مافی ڕوونکردنەوەی خۆی پێبدەیت، بەڵام نووسەر زۆر کورتبڕیی تێدا کردوە و کەمترین زانیاری گەیاندوەتە خوێنەر. لە چەند باسێکی تردا بابەتەکانی (هەرای قەڵای دم دم ١٦٠٨، قەڵاچۆی خێڵانی موکریان لەلایەن شاعەباسی سەفەوییەوە، کورد

لەسەدوپەنجاسالّی دوواییدا ١٧٥٠-١٩٠٠ز) نووسەر کۆمەڵێك بابەتی مێژوویی دەخاتە بەر لێکۆڵینەوە(قەفتان، ١٩٦٩، ٣٤٧-٣٨٥). (کورد لە چەرخی بیستەما) دوا بابەت و باسی ئەم کتێبەیە، لەم بابەتەدا باس لە چەند ڕووداوێکی سەدەی بیستەم لە کوردستاندا دەکات وەك پەیمانی سیڤەر ١٩٢٠، شۆڕشی شێخ سەعید ١٩٢٥، شۆڕشی ئاگریداغ ١٩٣٧، شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ (قەفتان، ١٩٦٩، ٣٨٦-٤٠٥).

لە نووسینی ئەم کتێبەدا پەیرەوی ڕێبازێکی دیاریکراو لە نووسینی مێژوودا نەکراوە ، بەتایبەت کتێبەکە ماوەیەکی زۆر فراوانی مێژووی کورد لەخۆی دەگرێت، لە سەرەتای پەیدابوونی ئادەمیزادەوە هەتاوەکو ناوەڕاستی سەدەی بیستەم، ئەم بەرفراوانییە وای لە نووسەری کتێبەکە کردووە پەیرەوی چەند ڕێبازێکی مێژوونووسین بکات.(١) لە بابەتەکانی مێژووی کۆن زیاتر گێڕانەوەیەکی خێرا و وەسفکردنێکی کورتی کردووە، بەڵام لە بابەتەکانی مێژووی نوێ کەتێبینی دەکرێت زانیاری و سەرچاوەی زیاتری لەبەردەست بووە، زۆرجار ڕێبازی شیکاری پەیرەوکردووە. خاڵی بەهێزی کتێبەکە زۆرن ڕەنگە لەهەموویان دیارتر ئەوەبێت کتێبێکی هەمەلایەن و گشتگیرە لەسەر مێژووی کورد لەهەموو قۆناغەکاندا و بۆ ئەوکاتە کەلێنێکی گەورەی لەناڕوونی مێژووی کورد پڕکردوەتەوە، هەروەها زاڵبوونی هەستی نەتەوایەتی وای لەنووسەر نەکردووە تەنها لایەنە باشەکانی مێژووی کورد بەدیاربخات و بەشان وباڵی دا هەڵبدات، بەڵکو ڕەخنەی پێویستیشی لە کەم و کوڕییەکانی کورد بەتایبەت لەبابەتی میرنشینەکانی کورد گرتووە.

ئەم کتێبە وەك هەر بەرهەمێکی تری مێژوونووسان لە هەندێك تێبینی بەدەرنییە، لە ڕووی بەکارهێنانی سەرچاوەکانی، بەبەراورد لەگەڵ زۆری سەرباس و ماوەی درێژی مێژوویی بابەتەکەوە کەمترین سەرچاوەی بەکار هێناوە، دەتوانین بڵێین کتێبی (مێژووی کورد و کوردستان)ی (محەمەد ئەمین زەکی) سەرچاوەی سەرەکی کتێبەکەیەتی. لە بارەی گرنگی پشت بەستن بەسەرچاوە زانستیەکان و خستنەڕوی بروانە( محمد، ٢٠١٣، ١٥١)،هیچ یەکێك لە مانە پێمان وانییە لە نرخی زانستی کتێبەکە کەم بکەنەوە.

### ٣-عەبدولجەبار محەمەد جەباری:

جەبار کوڕی محەمەد کوڕی حەسەن کوڕی محەمەد کوڕی عەلی کوڕی خدرەکۆستە، لە ساڵی١٩٤٥ لە گوندی(حەمك) ی ناوچەی جەباری لە دایك بووە، لە تەمەنی سێ ساڵییەوە ماڵیان چووەتە کەرکوك و لەگەڕەکی شۆرجە نیشتەجێ بوونە، لە ساڵی(١٩٥٢) چووەتە قوتابخانەی شۆرجەی سەرەتایی لەکەرکوك، لە ساڵی١٩٦٦ دواناوەندی (موسەڵلا)بەشی ئەدەبی تەواو دەکات، لە ساڵی ١٩٦٨ پەیمانگای ئامادەکردنی مامۆستایان لە کەرکوك تەواو دەکات، لە ساڵی١٩٦٩لە گوندی(پارەپارە)ی ناوچەی داودە وەك مامۆستا دامەزراوە، لە ساڵی ١٩٧٦بەکالۆریۆس لە یاسا لە زانکۆی موستەنسریە وەردەگرێت، ناوبراو لە بوارەکانی مێژوونووسین و ڕۆژنامەگەریی وئەدەب وهۆنراوە نووسیویەتی، وزمانەکانی کوردی وعەرەبی وتورکی وفارسی وئینگلیزی زانیوە، لە ڕێکەوتی ١٩٨٢/٥/٢٦ لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دەستگیر و بێسەر و شوێن دەکرێت وکەس هەواڵی نازانێت هەتاوەکو لە ڕێکەوتی ١٩٨٥/٥/٢٥ خێزانەکەی لەلایەن دەزگا ئەمنیەکانی حکومەتی عێراق ئاگادار دەکرێنەوە بە لەسێدارەدانی و قەدەغەکردنی دانانی پرسە بۆی (جەباری، ٢٠٠٤، ١٥-٢٢،٣٥).

لە ماوەی دیاریکراوی ئەم توێژینەوەیەدا نووسەر دوو کتێبی نووسیوە،کتێبی یەکەمیان کە دەکەوێتە تەوەرەی یەکەمەوە بە ناونیشانی (ئافرەتە ناودارەکانی کورد)، ئەم کتێبە لە ساڵی ١٩٦٩ لە چاپخانەی (جمهورية) لە کەرکوك چاپکراوە و بریتییە لە(٧٦)لاپەرە، ناوەڕۆکی کتێبەکە لەپێشەکییەك و سێ بەش و دوو سەرباسی تایبەت بە ئافرەتی کورد پێکهاتووە(جباری ، ١٩٦٩). لەپێشەکی کتێبەکەدا باس لەوەدەکات کە ژیان سەلماندوویەتی شارستانییەت و ئاوەدانی بەتەنها بەپیاوان ناکرێت، بەڵکو ئافرەتانیش هاوبەشیان بوون(جباری، ١٩٦٩، ٥-٨).

بەشی یەکەمی کتێبەکە تایبەتە بە ئافرەتە بە ناوبانگەکان لە بواری کۆمەڵایەتیی دا، لەم بەشەدا باس لە (١٨)ئافرەتی کورد دەکات لە هەر چوار بەشەکەی کوردستان، وەك(حەپسەخانی نەقیب و عادیلەخانی جاف و خاتووعیسمەتی ئەیوبی و ست العراق و ست الشام...) دیارترینیان(عادیلەخانی جاف) و(حەپسەخانی نەقیب)ن،کەزۆرترین لاپەڕی بۆیان تەرخانکردووە (جباری، ١٩٦٩، ١١-٢٦).

بەشی دووەم بەناونیشانی ئەو ئافرەتانەی لە میانی نیشتیمان پەروەری و ڕامیاریدا بە ناوبانگن، لەم بەشەدا باس لە(١٥)ئافرەتی بەناوبانگی ئەم بوارەدەکات لەناوچە جیاوازەکانی کوردستاندا، وەك (قەدەم خێرو شاخاتوون و ولیەم ئەردەڵانی و ئەختەر و خودادخاتوون غازیە و خانزاد..

(جباری، ١٩٦٩، ٢٩-٣٩). بەشی سێیەم بە ناونیشانی ئەو ئافرەتانەی لە مەیدانی ئەدەب و هەڵبەست و زانیاری بە ناوبانگن و باسی(٢٩)ئافرەتی کردووە دیارترینیان(عایشەتەیمور، حەیران خانمی نەخچەوانی، فاطمە هەکاری....)(جباری، ١٩٦٩، ٤١-٦٢). لەسەرباسێکدا بەناوی ئافرەت وخوێندەواری، بەکورتی تیشکی خستووەتە سەر دواکەوتوویی خوێندەواری لە ناوکوردا بەگشتی و لەناو ئافرەتان بەتایبەتی لەسایەی دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی(جباری، ١٩٦٩، ٦٥-٦٨). ئافرەتی کوردی سەدەی بیستەم، سەرباسێکی تری ئەم کتێبەیە، تێیدا باس لە پێشکەوتن و گەشەی باری ئافرەتانی کورد دەکات لە بوارە جیاوازەکاندا لە سەدەی بیستەم(جباری، ١٩٦٩، ٦٨-٧٢).

لە نووسینی ئەم کتێبەدا نووسەر پشتی بەستووە بە چەند سەرچاوەیەك بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و فارسی و ئینگلیزی و چەند رۆژنامە و گۆڤارێك کەبەگشتی (٢٣)سەرچاوەیە(جبار، ١٩٦٩، ٧٣-٧٤). کتێبەکە لەو روانگەیەوە کە کەمترین کەس لەو کاتەدا لەبواری ئافرەتاندا شتی نووسیوە لەلایەك و لەلایەکی ترەوە کتێبەکەی بە تەواوی تەرخانکراوە بۆ ژیانی ئافرەتانی کورد وای کردووە کتێبەکە بایەخێکی زۆری هەبێت، چونکە پابەند بوون و دەرنەچوون لە سنووری ناونیشانی کتێبەکە یەکێکە لە بنەماکانی توێژینەوە ونووسینی سەرکەوتوو(طە، ١٩٨٩، ٨٦). بەڵام ئەوەی جێگەی تێبینییە دەربارەی ئەم کتێبە ئەوەیە، نووسەر نەیتوانیوە سەبارەت بەهیچ یەکێك لەو (٦٢)ئافرەتەی باسی کردووە زانیارییەکی ووردو تەواو بەدەستەوەبدات، بەتایبەتی دەربارەی ئافرەتەکانی باشووری کوردستان بەدیاریکراویش( عادیلەخانی جاف، حەپسەخانی نەقیب، ئەختەر، فاتمەخانی قەرەچێواری)، لە کاتێکدا نووسەر دەیتوانی لەرێگەی چاوپێکەوتنی کەسیەوە زۆر زانیاری وورد بۆ ئەوکات بەدەستبخات، چونکە چاوپێکەوتن بەیەکێك لەسەرچاوە گرنگەکان بۆ دەستخستنی زانیاری دادەنرێت(الجبوري, الجانبي, ٢٠١٣, ٦٣).

## ٤-ملا رؤوف سليم حەوێزی:

مەلا رؤوف سەلیم حەوێزی لە ساڵی١٩٠٨ لە کۆیە لەدایك بووە، لە ساڵی ١٩١٤ چووەتە قوتابخانەی ئاینی(حوجرە)و لە ساڵی ١٩٢٦ خوێندنی ئاینی تەواوکردووە، خۆی زۆر بە ئەدەبی فارسی و کوردییەوە سەرقاڵ کردووە، لە بەصرەو ناحیەی حەدیثە مامۆستای نەحو سەرف و تەجوید بووە، لە بەغدا پێش نوێژ و مامۆستابووە، دواجار گەڕاوەتەوە کۆیە و لە ساڵی ١٩٦٠ کراوە بە پێشنوێژی مزگەوتی کۆنە جەمعیە لەکۆیە، زمانەکانی کوردی و عەرەبی و فارسی زانیووە، لەساڵی ١٩٨٥ کۆچی دوایی کردووە (حەوێزی، ١٩٧٠، ٣-٤).

کتێبەکەی بە ناونیشانی(کوردستان و ئاینی ئیسلام، هاتنی سوپای عمر ی کوڕی خەتاب وەگرتنی کوردستان)، ئەم کتێبە لە ساڵی ١٩٧٠ لەچاپخانەی (جامعە) لە بەغدا چاپکراوەو بریتییە لە (١٣٢) لاپەڕ، لە پێشەکی کتێبەکەدا نووسەر دەڵێت:" ئاواتم بوو ئەم بەرهەمە بخەمە بەردەست کە ئێستا توانیم ئەم کارەبکەم و خزمەتێکی بچوکی کورد بکەم"(حەوێزی، ١٩٧٠، ٥-٦). ناوەرۆکی کتێبەکە تایبەتە بە هاتنی سوپای ئیسلام بۆ ناوچەکانی کوردستان لە سەردەمی خەلافەتی(عمری کوری خەتاب) و بە سەرکردایەتی(خالیدی کوری وەلید)، خاوەن تایبەتمەندییەکی تایبەت و جیاوازە لەکتێبەکانی تر، لەبەرئەوەی زیاتر لەنیوەی کتێبەکە بریتییە لە چەندین بەیت هۆنراوە دەربارەی هاتنی سوپای موسڵمانان بۆناوچەکانی کوردستان و جەنگەکانی نێوان کوردەکان و سوپای موسڵمانان لەناوچە جیاجیاکانی کوردستان، هەموو ڕووداوەکان بە هۆنراوە لە لایەن نووسەرەوە نووسراون، بۆ نمونە دەربارەی شەڕی سوپای موسڵمانان و کوردەکان دەنووسێت:

کاتێ کە رۆژی کردەوە یەزدان     صحابە دایان لە بانگی بەیان
لەم لاش کوردەکان کەبوو بەبەیان     هاتنەخوارەوە لەشاخ بۆمەیدان
دەنگ بەرزبووەوە لەناو صەحابان     صدای ئەلنەفیر دەچوو بۆکێوان
سپای صحابان تقدمی کرد     ڕووبەڕووی کوردان ئستقبالی کرد
تێکەل بووسوپای کوردو صحابان     بووبەشیر وەشان هەم حەربە لێکدان

بەم جۆرە نووسەری ئەم کتێبە ڕووداوەکان لە ڕێگەی هۆنراوە دەگێڕێتەوە و باس لە شەڕەکان و گفتوگۆکانی نێوان سوپای موسڵمانان و هەڵوێستی کوردەکان بە گشتی دەکات(حەوێزی، ١٩٧٠، ٧-٧٦).بەشەکەی تری کتێبەکە دابەشکراوە بە سەر چەند سەرباسێکدا و لەرێگەی ئەم سەرباسانەوە نووسەر بە ووردی باس لە هاتنی سوپای ئیسلام بۆناوچەکانی کوردستانی باشوور دەکات و وا باسکراوە بەشی زۆری

ناوچەکانی کوردستان بەشەڕ دەستی بەسەردا گیراوە، وچەندین شەڕی گەورە لە نێوان کوردەکان و سوپای ئیسلام بەتایبەتی لە هەولێر و گوندی هەرمۆتەی نزیك کۆیە و ناوچەی مەرگە و پشدەر و قەڵاچۆلان ڕوویداوە(حەوێزی، ۱۹۷۰، ۷۷-۱۲۰). سەرباسی (فتوحاتی اذربیجان و ورمێ) تایبەتە بە شاڵاوی سوپای موسڵمانان بۆ ناوچەکانی ساباڵغ و موکریان و ورمێ (حەوێزی، ۱۹۷۰، ۱۲۱- ۱۳۲).

ڕێبازی توێژینەوەی زانستی پەیرەوکراو لە نووسینی ئەم کتێبە ڕێبازێکی تایبەتە، چونکە زیاتر لە نیوەی کتێبەکە لە ڕێگەی هۆنراوەوە ڕووداوە مێژووییەکان دەگێڕێتەوە، بەڵام لە نیوەی دووەمی کتێبەکەیدا زیاتر پەیرەوی ڕێگەی گێڕانەوە و وەسفکردن کراوە، ئەو سەرچاوانەی لە نووسینی ئەم کتێبە بەکارهاتووە بریتییە لە (راوی، واقدی) هەروەکو نووسەر لە دەیان شوێنی کتێبەکەدا نووسیویەتی راوی یان واقدی وادەڵێت و پاشان ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە، بەتایبەتی لەسەرەتای هەر سەرباسێکیدا (حەوێزی، ۱۹۷۰، ۷۷، ۸٦، ۱۰٦، ۱۱٤، ۱۲۱)، بەڵام زانیاری زیاتری لە سەر ئەم سەرچاوانە نەداوە، و سەرچاوەکانی تری زانیارییەکانی بە تەواوی نادیارن لە کاتێکدا، خستنەڕووی زانیاری مێژوویی پێویستی بە بەڵگەی مێژوویی هەیە(۲) ئەوە جگە لەوەی بۆچوونی جیاواز هەیە دەربارەی چۆنیەتی ئیسلام بوونی کورد بەڵام نووسەر یەکلایەنە بابەتەکە دەنووسێت و بۆچوونە جیاوازەکان وەرناگرێت و لێکیان ناداتەوە. بەڵام لە هەمان کاتدا یەکێکە لەو سەرچاوە دەگمەنانەی لەو قۆناغەدا تایبەتکرابێت بۆ فتوحاتی ئیسلامی بەزمانی کوردی ئەمەش بایەخی کتێبەکە زیاتر دەکات.

### ٥-ئەحمەد تەقی:

لە ساڵی ۱۸۹٤ لە سلێمانی لە دایك بووە، کەسایەتییەکی دیاری کورد بووە، لە شۆڕشەکانی شێخ مەحمود یەکێك بووە لە نزیکەکانی شێخ مەحمود، لەبەرئەوە وێنەیەکی زیندووی لە ڕووداوەکانی ئەو سەردەم لە ڕێگەی یاداشتەکانییەوە پێشکەش کردووە، کە دوای خۆی لە لایەن کوڕی خوشکیەوە(جەلال تەقی)چاپکراوە، ئەحمەد تەقی لە ۱۹٦۰/۱/۱۳ کۆچی دوایی کردووە(۳) (باخچەیی، ۲۰۰۱، ٤۳-٥٦؛ البيضاني, ۲۰۱۲, ۱۳٤).

کتێبەکەی ئەحمەد تەقی بریتییە لە یاداشتەکانی ناوبراو بە ناونیشانی(خەباتی گەلی کورد لەیاداشتەکانی ئەحمەد تەقی دا) ئەم کتێبە لە ساڵی ۱۹۷۰ لە چاپخانەی (سلمان الاعظمي)لە بەغدا چاپکراوە و لە لایەن(جەلال تەقی) ئامادەکراوە بۆ چاپ و بریتییە لە (۹۲) لاپەڕ، ناوەڕۆکی یاداشتەکە دابەشی سەر چەند سەرباسێك کراوە وبەگشتی لە مێژووی گەلی کورد لە شەڕی یەکەمی جیهانی(۱۹۱٤-۱۹۱۸) و شۆڕشی شێخ مەحمود دەدوێت(تەقی، ۱۹۷۰) لە سەرباسی یەکەمدا بە ناونیشانی (چەند وشەیەك دەربارەی ئەم نووسراوە) کە لە لایەن دکتۆر(کاوس قەفتان) نووسراوە، سەبارەت بە بایەخی ئەم یاداشتە دەڵێت:"زۆر مادەی نوێمان دەربارەی ڕۆژی پڕ ڕووداوەکانی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی دەخاتەبەردەم"(تەقی، ۱۹۷۰، ۳-٤). سەرباسی دووەم پێشەکی ئەم یاداشتەیە کە لە لایەن (جەلال تەقی) نووسراوە، لەم پێشەکییەدا سەبارەت بەم یاداشتە دەڵێت: "ئەحمەد تەقی ئەم یاداشتەی بۆ چاپکردن نەنووسیووە، بەڵکو بۆ مامۆستا ڕەفیق حلمی نووسیویەتی بۆ ئەوەی بۆ نووسینی یاداشتەکانی دەربارەی شۆڕشی (شێخ مەحمود) سوودی لێ وەربگرێت، بەڵام دواتر نوسخەیەکی کەوتووەتەلای من و چاپکرا"( تەقی، ۱۹۷۰، ٦-۱۱).

(کورد لەسەرەتای جەنگی یەکەمدا) سەرباسێکی ئەم یاداشتەیە، لە سەرەتادا باس لە پێگەی بنەماڵەی (شێخ سەعید) و هەڵوێستی خەڵکی ناوچەکە بەرامبەریان دەکات، پاشان سیاسەتی (شیخ مەحمود) و مامەڵەی لەگەڵ عوسمانیەکان و ئینگلیز لە ماوەی جەنگی یەکەمی جیهانی دەخاتەڕوو(تەقی، ۱۹۷۰، ۱۲-۲٦).لەسەرباسی شەڕی دەربەندی بازیان دا باس لە تێکچوونی پەیوەندی نێوان (شێخ مەحمود) و ئینگلیز لە ساڵی۱۹۱۹ و ئەنجام هەڵگیرسانی شەڕی دەربەندی بازیان لە حوزەیرانی (۱۹۱۹)دەکات (تەقی،۱۹۷۰، ۲٦-۳۳).(بۆچی کوردەکان تورکیان هێنایە ڕەواندز) سەرباسێکە تێیدا ئەحمەد تەقی باس لە سیاسەتی خراپ و توندووتیژی ئینگلیز دەکات بەرامبەر بە خەڵکی کورد بەگشتی و خەڵکی سلێمانی بەتایبەتی لە دوای ناردنی (شێخ مەحمود) بۆهندستان، و دەڵێت: "ئەوە بووە هۆکاری گۆڕانی هەڵوێستی خەڵك بەرامبەر بەوەی ئینگلیز لە تورکەکان خراپترن" (تەقی، ۱۹۷۰، ۳۳-٦۱).پاشان زۆر بابەتی وەك گەڕانەوەی شێخ مەحمود لە هندستان و وپەیوەندییەکانی نێوان سمکۆی شکاك و تورکەکان و شێخ مەحمود و ڕووسیا باس دەکات(تەقی، ۱۹۷۰، ٦۲-۸۹)بەکۆتایی هاتنی ئەم بابەتانە یاداشتەکە کۆتایی

دێت.

سەبارەت بەم یاداشتەی (ئەحمەد تەقی) دەتوانرێت بوترێت یەکێکە لە سەرچاوە گرنگەکان بۆ لێکدانەوە و وەرگرتنی زانیاری دەربارەی دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی شۆڕشەکانی شێخ مەحمود، چونکە ئەگەرچی نووسەر زۆر بەسادەیی و لە سەربنەمای ئەوەی بۆخۆی لە گەڵدا بووە یان لە نزیکەوە ئاگادار بووە زانیارییەکان باس دەکات، بەڵام لە ناوەرۆکدا تێڕوانینێکی هزریی زۆر وورده بۆ ئەو بارودۆخەی شۆڕشەکانی شێخ مەحمود و کوردستانی پێدا تێ پەڕیوە، لەبەرئەوە ئەم یاداشتە یەکێکە لە سەرچاوە سەرەکی ودەگمەنەکان دەربارەی ڕووداوەکانی سەردەمی شێخ مەحمود (هاوار، ١٩٩١، ١٠-١١). هەروەها زانیاریەکانی لە ڕووی ڕاستیی و دروستیەوە بەبەراورد لەگەڵ سەرچاوە تایبەتەکان دەربارەی شۆڕشی شێخ مەحمود ئامانجی پێکاوە، بۆنمونە بڕوانە(حیلمی، ٢٠٠٣؛ خواجە، ١٩٦٨؛ خواجە، ١٩٦٩).

## ٦-کەمال مەزهەر ئەحمەد:

ساڵی ١٩٣٧ لە ناحیەی (ئاغجەلەر) ی سنووری پارێزگای کەرکوك لە دایك بووە، لە بنەڕەتدا لە بنەماڵەیەکی ناسراوی سلێمانیە بەڵام بەهۆی پیشەی باوکییەوە کە ئەفسەری پۆلیس بووە لەو ماوەیەدا لە ئاغجەلەر ژیاون، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لە سلێمانی تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٥٩ کۆلێژی پەروەردە/بەشی مێژووی لە بەغدا تەواوکردووە ، لە ساڵی خوێندنی (١٩٥٩-١٩٦٠)بۆ ماوەی حەوت مانگ مامۆستا بووە لە ناوەندی شۆڕش لە سلێمانی(علی، ٢٠٠٩، ٧-٩)، بۆتەواوکردنی خوێندن لە ساڵی ١٩٦٠ دەچێتە یەکێتی سۆڤیەت، لە ساڵی ١٩٦٣ بڕوانامەی دکتۆرا لە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی سەربە ئەکادیمیای زانستەکانی سۆڤیەت لە بواری مێژووی هاوچەرخی کورد وەردەگرێت، پاشان جارێکی تر چووەتەوە خوێندن و پاش شەش ساڵ لە خوێندن لەهەمان ناوەندی زانستی سۆڤیەتیدا( دکتۆرا-ناووك, D.S.C) وەردەگرێت، وەك باڵاترین بڕوانامەی زانستیی کە لە هەندێك لە ناوەندە زانستییەکانی خوێندن لە دوای بڕوانامەی دکتۆرا کەسانێکی کەم دەتوانن بەدەستی بهێنن، لە ساڵی ١٩٧٠ دەگەڕێتەوە عێراق و وەك مامۆستا لە زانکۆی بەغدا دادەمەزرێت، پاشان لە چەندین زانکۆ دەرس دەڵێتەوەو چەندین کتێب و توێژینەوەی زانستی بڵاو دەکاتەوە(٤) (محمد، ٢٠١٣، ١٨-٤٤).

مێژوونووس لە ماوەی دیاریکراوی ئەم بەشەدا خاوەنی یەك کتێبە بە زمانی کوردی بە ناونیشانی (کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهاندا) ئەم کتێبە لەساڵی ١٩٧٥ لە چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد لە بەغدا چاپکراوەو برێتییە لە(١٩٩) لاپەڕە (ئەحمەد، ١٩٧٥). جێگەی باسە ئەم کتێبە لە ساڵی ١٩٧٧ لەلایەن (محەمەد مەلا عەبدولکەریم)بۆ زمانی عەرەبی لە (٤١٣) لاپەڕدا وەرگێڕدراوە، هەروەها پاشان وەرگێڕدراوە بۆ زمانەکانی ئینگلیزی و تورکی، و بەشی پێنجەمی وەرگێڕدراوە بۆ زمانی فەرەنسی وئەرمەنی (محمد، ٢٠١٣، ١١٩). ناوەڕۆکی کتێبەکە پێکهاتووە لە پێشەکیەك و شەش بەش بەشی یەکەمی کتێبەکە بە ناونیشانی(گرنگی کوردستان و بایەخ پێدانی لەلایەن دەوڵەتە گەورەکانەوە)، لەم بەشەدا باس لە هۆکارەکانی پشتی هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی(١٩١٤-١٩١٨) دەکات، و هۆکاری سەرەکی بۆ ململانێی ئابووریی لە نێوان دەوڵەتانی زلهێز دەگەڕێنێتەوە، و پێی وایە بایەخی کوردستان بۆ دەوڵەتانی ڕکابەر بەهۆی بوونی نەوت و شوێنی ستراتیژییەوە بووە(ئەحمەد،١٩٧٥، ١-٢٩). بەشی دووهەم تایبەتە بە(باری گشتیی کوردستان بەرلە دەستپێکردنی جەنگ)، باس لە بارودۆخی خراپی ناوچەکانی کوردستانی ژێردەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی و ئێران لە ڕووی ئابووریی وکارگێڕییەوە دەکات(ئەحمەد،١٩٧٥، ٣٠-٥٠). بەشی سێیەم بە ناونیشانی(کوردستان لە کڵپەی ئاگری شەڕدا)یە، لەم بەشەدا مێژوونووس باس لە کوردستان وەك گۆڕەپانی جەنگی یەکەمی جیهانی(١٩١٤-١٩١٨) لە نێوان دەوڵەتانی بەشدار لەو جەنگەدا دەکات، وهەوڵەکانی هەریەك لە دەوڵەتان بۆ ڕاکێشانی کوردەکان بەلای خۆیاندا لە میانی جەنگدا باس دەکات (ئەحمەد، ١٩٧٥، ٥١- ٧٣).بەشی چوارەم تایبەتە بەخەباتی گەلی کورد لە ساڵەکانی شەڕدا و ئەو زیانانەی لە کورد کەوتن (ئەحمەد، ١٩٧٥، ٧٤-٨٨).

مێژوونووس زۆرترین لاپەڕی کتێبەکەی بە بەراورد لەگەڵ بەشەکانی تردا بۆ بەشی پێنجەم تەرخانکردووە بە ناونیشانی (کورد و کوشتاری ئەرمەن)، قووڵبونەوە و لێکدانەوەی زۆری بۆ بابەتەکە کردووە(ئەحمەد، ١٩٧٥، ٨٩-١٥٦)، لە سەرەتادا نووسەر دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندی باشی لە مێژینەی نێوان کوردو ئەرمەن لە مێژوودا، پاشان نووسەر پێی وایە بە پەیدابوونی ئاینی ئیسلام پەیوەندییەکانی نێوانیان زۆر پەرەی

سەند بەلایەنی باشی و خراپی، هۆکارەکانی هاوسێیەتی و بوونی نەیاری هاوبەش و چەوساندنەوەی هاوبەش پەیوەندییەکانی نێوانی کورد و ئەرمەنی بەهێز دەکرد، لەبەرامبەردا هۆکاری ئاینی و دەستی دەوڵەتانی زلهێز و نەیار بە هەردوولا جیاوازی و نەیارییەکانی زیاتر دەکرد(ئەحمەد، ١٩٧٥، ٨٩-١٠٦). دەربارەی کورد و کوشتاری ئەرمەن نووسەر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە بەشی هەرەزۆری کورد هیچ بەشدارییەکیان لە کوشتاری یەکەمی ١٨٩٤ و کوشتاری دووەمی ١٩١٥ ی ئەرمەندا نەکردووە، ئەو بەشەکەمەی کورد کە لە کۆمەڵکوژی ئەرمەن بەشدارییان کردووە پێی وایە بەشێکیان بە هۆی کاریگەری ئایین وساویلکەیی بووە کەپێیان وابووە کوشتنی ئەرمەنەکان تێکۆشانە لە پێناوی خوا، بەشێکی تر لە کوردەکان لە پشتیوانی کردنی دەوڵەتەگەورەکان بۆ ئەرمەن لە پێناو گەیشتن بەئامانجەکانیان ترسی جیاوازیان لێ نیشتبوو، بۆ نموونە رووناکبیرانی کورد لە بچووك بوونەوەی خاکی نیشتیمان و وەرزێرانی کورد لە دۆراندنی زەوی وزار و ئاغا و دەرەبەگیش لە کەم بوونەوەی دەسەڵاتیان ترساون، ئەمەش هانی دژایەتی کردنی ئەرمەنەکانی داون(ئەحمەد، ١٩٧٥، ١٠٧-١٣٢). هەروەها کەمال مەزهەر باس لەوە دەکات کە ئەگەرچی لاپەرەکانی ئەو کوشتارانە پڕن لە لاپەرەی رەشی هەندێك دەستەو دایەرەی کورد، بەڵام ناکرێت باس لەوەش نەکرێت، زۆربەی ئەو کوردانەی لە کوشتاری ئەرمەندا بەشداربوون لە سوارەی حەمیدیە بوون، وپێویستە وەك دەزگایەکی میریی سەیر بکرێن، ئەوە جگە لەوەی بەشێك لە سەربازە تورکەکان بەجلی کوردییەوە چالاکییەکانی کوشتاریان ئەنجامداوەو لەسەر کورد ئەژمارکراون، سەرەڕای ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی بەشێك لە بەندییە تاوانبارە کوردەکانی ئازاد دەکرد لە بەرامبەر بەشداربوونیان لە کوشتاری ئەرمەندا، هەموو ئەمانە تێوەگلاندنی کورد بەو کوشتارەوە دەسەلمێنێت زیاتر لەوەی بەشداری ڕاستەقینە و ویستی نەتەوەی کورد بووبێت(ئەحمەد، ١٩٧٥، ١٣٣- ١٥٦). بەشی شەشەم لەژێرناوی (دوارۆژی کورد لەپلانی دەوڵەتە گەورەکاندا)یە، لەم بەشەدا مێژوونووس تیشکی خستووەتە سەر رێککەوتننامە نهێنیەکانی نێوان دەوڵەتە گەورەکانی بەشدار لەجەنگی یەکەمی جیهانی(١٩١٤-١٩١٨)، بەتایبەتی لە نێوان بەریتانیا و فەرەنسا و روسیای قەیسەریی لە پێناوی دابەشکردنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی، وکاریگەرییەکانی ئەم رێکەوتنامانە لە سەر کوردستان لێکدەداتەوە(ئەحمەد، ١٩٧٥، ١٥٧-١٦٤).

دەتوانرێت بووترێت بایەخی ئەم کتێبە لە گرنگی بابەتەکەیەتی وەك بەشێکی گرنگ لە ڕووداوە پڕ لە نەهامەتییەکان بۆگەلی کورد لە ماوەکانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، و بایەخی ستراتیجی کوردستان بۆ دەوڵەتانی ڕکابەر لە جەنگدا، ودواتریش شوێنی کورد لە ڕێککەوتنامە نێودەوڵەتییەکان و وچاوتێبڕینی وڵاتانی زلهێز لە کوردستان بەتایبەت بۆ سەرچاوە سروشتییەکانی وەك نەوت، لە هەمان کاتدا بەشێکی زۆری کتێبەکە تەرخانکراوە بۆ بابەتێکی گوماناوی و هەستیار دەربارەی کورد لە کوشتاری بەکۆمەڵی ئەرمەندا، چونکە بابەتێکە ڕای جیاواز و گفتوگۆی زۆر هەڵدەگرێت و خۆلێدانی ئاسان نییە بەتایبەت بۆ ئەوکات کە کەمتر لێکۆڵینەوەی لە بارەوە کرابوو. مێژوونووس بەپشتبەستن بە چەندین سەرچاوەی جۆراوجۆر و بیانی، بە دیاریکراوی ئەو سەرچاوانەی ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە مێژووی کوردەوە هەیە لێکدانەوەی ووردی بۆ بابەتەکە کردووە (محەمەد، ٢٠١٣، ١١٩).

لە گرنگترین ئەو سەرچاوانەی پشتی پێبەستووە بریتییە لەو سەرچاوانەی کە بەزمانی روسی نووسراون، دواتر سەرچاوەکانی ئینگلیزی و عەرەبی و کوردی و تورکی دێن(ئەحمەد، ١٩٧٥، ١٨٠- ١٨٩). دەربارەی ڕێبازی زانستیی پەیرەوکراو لە نووسینی مێژوو بۆ ئەم کتێبە بریتییە لە ڕێبازی شیکاریی، تێیدا مێژوونووس بە پشت بەستن بەسەرچاوەی هەمەجۆر و بەراوردکارییان و لێکدانەوەکردنی ورد بۆ ڕووداوەکان و پێشکەش کردن و تێکەڵکردنی بۆچوونی خۆی بۆ گەیشتن بەڕاستییە مێژووییەکان هەوڵی زۆری پێشکەش کردووە، لایەنی بەرزی ئاستی زانستی و ئەکادیمی کەمال مەزهەر لەسەر هەموو ئەمانە رەنگی داوەتەوە، چونکە بۆخۆی مێژوونووسێکی ئەکادیمی بووە.

## باسی دووەم/ ئەو کتێبانەی لە سلێمانی چاپکراون:

### ١-ئەحمەد خواجە:

بەرگی دووەمی کتێبەکەی (احمد خواجە)بە ناونیشانی(چیم دی) لە ساڵی ١٩٦٩ لە چاپخانەی(کامەران) لە سلێمانی چاپکراوە و بریتییە لە (١٦٦)لاپەڕە، لە پێشەکی ئەم کتێبەیدا نووسەر هیوا دەخوازێت بەرگی یەکەمی(چیم دی) بەلای خوێنەرانەوە پەسند کرابێت، و پاشان هانی

خوێنەوارانی کورد دەدات کە بنووسن(خواجە، ١٩٦٩، ٣-٤).

ناوەڕۆکی ئەم بەرگە دابەشی سەر چەند سەرباسێك کراوە کە سەرجەمیان تایبەتن بە ڕووداوەکانی سەردەمی (شێخ مەحمود)، دەستپێکی ئەم بەرگەی یاداشت لە ڕێکەوتی ٣ی ئازاری ١٩٢٣ وە دەستپێدەکات، ئەوکاتەی (شێخ مەحمود) و خەڵکی سلێمانی ناچار دەبن شاری سلێمانی چۆڵ بکەن و لە ترسی بۆردومانی فڕۆکەکانی ئینگلیز ڕووبکەنە چیاکانی دەوروبەری سلێمانی، نووسەر زۆر بەوردی هەستاوە بە دیاریکردنی ڕۆژ و مانگەکان هەموو ڕووداوەکانی بۆردومانی فڕۆکەکانی ئینگلیز لەدەشت و چیاو گوندەکاندا باسدەکات( خواجە، ١٩٦٩، ٥-٤٤).دواتر باس لەوە دەکات دوای ئەوەی (شێخ مەحمود) گەڕایەوە سلێمانی حکومەتی کوردستان دامەزرا، ئارامی و ئاسایش گەڕایەوە شارو کاروباری حکومەت و وەزارەتەکان پێکهات، وەك باس دەکات ئینگلیز ماوەیەك بێدەنگ بوون ، بەڵام دواتر لە ڕێگەی پیلانەکانیان بە هاندانی عەشیرەتەکان لە(شێخ مەحمود) و پاشان دژایەتی کردنی ڕاستەوخۆ جارێکی تر بارودۆخی سلێمانی تێك چووەوە و شێخ مەحمود لە ١٦ی تەموزی ١٩٢٤ جارێکی تر سلێمانی چۆڵکرد و ڕوویکردەوە ناوچە چیاییەکانی دەوروبەری سلێمانی(خواجە، ١٩٦٩، ٤٥- ١٢٢).

لە ساڵانی (١٩٢٥ بۆ ١٩٢٧) دا بەوردی باس لە چالاکییەکانی شێخ مەحمود لە پێناو دروستکردنی پەیوەندی بەتین لەگەڵ ئێران و تورکیادا دەکات، بەرامبەر ئینگلیزیش هەمان ویستی هەبوو، بەڵام ئەنجامەکەی بۆمبا بارانکردنی ناوچەکانی کوردستان بوو لەلایەن سوپای عێراق و ئینگلیزەوە، کۆتایی یاداشتەکەی ڕێککەوتنی حکومەتی عێراق و شێخ مەحمود دەبێت ساڵی ١٩٢٧ بەوەی باباعەلی کوڕی شێخ مەحمود چووە بەغدا بۆ خوێندن و کۆتایی بە شۆڕش هات( خواجە، ١٩٦٩، ١٢٢-١٦٥).

بەرگی دووهەمی کتێبەکەی (احمد خواجە) بەیەکێك لە سەرچاوە ڕەسەن و گرنگەکان دادەنرێت دەربارەی شۆڕشەکانی شێخ مەحمود و باشووری کوردستان لەوماوە دیاریکراوەی کەلێی دوواوە، لەبەر ئەوەی سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ ڕوداوە سیاسییەکانی نێوان ساڵانی (١٩٢٣-١٩٢٧) ی سلێمانی و دەوروبەری لە شۆڕشی شێخ مەحمود دا، کە ئەحمەد خواجە بۆخۆی لەناو هەموو ڕووداوەکان بووە لەنزیکەوە ئاگادار بووە، هەروەها زۆر لایەنی شاراوەی بیری سیاسی شێخ مەحمود و زۆرکەسایەتی کوردی ناوچەکە ناڕاستەوخۆ تیشکی خراوەتە سەر، لەبەرئەوە وەکو سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ هەر توێژینەوەیەکی زانستی ئەو ماوەیە پشتی پێ دەبەسترێت. هەروەك ناکرێت ناکرێت باس لەوەش نەکەین لەبەرئەوەی ئەم کتێبە یاداشتەکانی نووسەرە، بۆیە بابەتە مێژووییەکانی باسی کردوون لەگەڵ جوڵەو گۆڕانکارییەکانی ژیانی تایبەتی خۆیدا باسی کردوون، لەبەرئەوە دەبێت ڕووداوە مێژووییەکان لە ژیانی تایبەتی نووسەرەوە وەربگیرێن، نەك سەرباسی بۆ هەر ڕووداو و بابەتێکی مێژوویی هەبێت.

بەرگی سێیەمی(چیم دی) لە ساڵی ١٩٧٠ لە چاپخانەی (ڕاپەرین) لە سلێمانی چاپکراوەو بریتییە لە(١٩٠)لاپەڕە. دەتوانرێت بوترێت ناوەڕۆکی بەرگی سێیەمی یاداشتەکەی ئەحمەد خواجە بریتییە لە دووبەشی سەرەکی، بەشی یەکەمی بریتییە لە یاداشتەکانی ناوبراو، و دابەشی سەر چەندین سەرباس کراوە، بەڵام بەشی دووهەمی بریتییە لە وەرگێڕانێکی یاداشتەکانی سوپاسالاری ئەڵمانی(فیلد مارشال هولمس فونی مولتکە) کە (ئەحمەد خواجە) لە تورکیەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

لە سەرەتادا زۆر بە کورتی تیشکی خستووەتە سەر چەند بابەتێکی وەك کوردستان لە ساڵەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی(١٩١٤-١٩١٨) و ڕاپەڕینەکانی کورد و هەڵوێستی عێراق لە نێوان ساڵانی(١٩٢٠-١٩٤١)،و شۆڕشی (شێخ سەعید ١٩٢٥) و شۆڕشی (ئاگری داغ ١٩٣٧) لەباکووری کوردستان(خواجە، ١٩٧٠، ٦-٢٣).پاشان باس لەچەند ڕووداوێکی وەك شاڵاوی حکومەتی عێراق بۆسەر ئێزیدییەکان لەسنجار ساڵی ١٩٣٥و دامەزراندنی کۆمەڵەی زانستی کوردی لە ١٩٢٦ لە سلێمانی، ڕووداوی ڕاپەڕینی ٦ی ئەیلولی ١٩٣٠ بەردەرکی سەرای سلێمانی کراوە (خواجە، ١٩٧٠، ٢٤-١٠٠).

(سەرەتای شۆڕش لە بارزان) سەرباسێکە تێیدا ئەحمەد خواجە دوای ئەوەی بەکورتی تیشك دەخاتە سەر بنەماڵەی بارزان، باس لە شۆڕشی شێخ عەبدوسەلامی بارزانی ساڵی ١٩٠٩ و شۆڕشی شێخ ئەحمەدی بارزان ساڵانی (١٩٣٠-١٩٣٢) و شۆڕشی مەلا مستەفای بارزانی (١٩٤٣-١٩٤٥)دەکات، بەڵام ئەم شۆڕشانە زۆر بەکورتی باس دەکات و باس لە خاڵە گرنگەکانی شۆڕشەکان ناکات(خواجە، ١٩٧٠، ١٠١-١٢٨).

بەشی دووهەمی کتێبەکە وەك لەسەرەوە باسکرا بریتییە لەوەرگێڕانی یاداشتەکەی سوپاسالاری ئەڵمانی(فیلد مارشال هولمس فونی مولتکە)،

دیارە ئەحمەد خواجە لەبەر گرنگی باسەکانی تایبەت بەکورد لە یاداشتەکەی خۆیدا بەچەند لاپەرەیەك بڵاوی کردووەتەوە، باسەکەش تایبەتە بەوکار و کردە سەربازییانەی سەرکردەی سەربازی ئەڵمانی لە ساڵی ١٨٣٨ بۆ لە ناوبردنی شۆڕشە کوردییەکان بە فرمانی سوڵتانی عوسمانی ئەنجامی داوە(خواجە، ١٩٧٩، ١٢٩-١٨٨). بەڵام لەبەرئەوەی وەرگێڕانێکی (ئەحمەد خواجە)یە، نەك بەشێك بێت لەیاداشتەکانی ناوبراو، ئیمەزیاتر ناچینە وردەکاری بابەتەکەوە.

بەرگی سێیەمی(چیم دی) بەهەمان شێوەی بەرگەکانی پێشووی ناوبراو خاوەن بایەخێکی گرنگە بۆ بەدیارخستنی چەندلایەنێکی شاراوەی مێژووی کورد، بەتایبەتی دەربارەی ڕاپەڕینی ٦ی ئەیلولی ١٩٣٠ ی بەردەرکی سەرای سلێمانی و ڕووداوەکانی و هۆکار و ئەنجامەکانی، هەروەها نووسەر چەند سەرچاوەیەکی بەکارهێناوە و پشتی پێبەستووە بۆ نووسینەوەی مێژووی بەشێك لە ڕووداوەکان (خواجە، ١٩٧٠، ٤)، بەم کارەش لەپاڵ یاداشت نووسیدا نووسەر چووەتە بواری مێژوونووسینیشەوە، بەتایبەت لە بابەتەکانی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران(١٩٢٥) و شۆڕشی ئاگری داغ(١٩٣٧)لە باکووری کوردستان و کودەتای بەکر سدقی(١٩٣٦) لەعێراق(خواجە، ١٩٧٠، ١٤-٢٠، ١٢٠-١٢٨). لەم بەرگەشدا(ئەحمەد خواجە) مێژوونووسین و یاداشت نووسینی تێکەڵ کردووە، هەروەك لە بەرگی یەکەمی دا خرایەڕوو، بە تایبەت کاتێك سەرچاوە بەکاردەهێنێت دەبێتە هۆی ئەوەی لە بواری یاداشت نووسین دوربیخاتەوە(زراری، ٢٠١٩، ٥٥-٦٠). بەڵام ئەوەی ئەم بەرگەی یادداشت لە بەرگەکانی تر جیادەکاتەوە بریتییە لە بڵاوکردنەوەی وەرگێڕانێك لە چوارچێوەی کتێبەکەیدا، کەپێمان وایە ئەگەر ئەم دووکارە تێکەڵ بە یەکدی نەکرابوونایە، بەهای کتێبەکە باڵاتر دەبوو لە ڕووی ێبازی زانستی نووسینەوە بۆ نووسەر.

## ٢-شاکر فەتاح:

شاکر فەتاح کوڕی میرزا فەتاح کوڕی ئەحمەدە، لە هۆزی(هەمەوەند)، لە ساڵی ١٩١٤ لەگەڕەکی (دەرگەزێن)ی شاری سلێمانی لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی لە سلێمانی و دواناوەندی لە بەغدا تەواو کردووە، لەساڵی ١٩٣٦ کۆلێژی مافی لە بەغدا تەواوکردووە، لە ساڵی (١٩٣٨بۆ ١٩٥٨)لە چەند ناحیە و قەزایەکی سنووری دهۆك و کەرکوك و سلێمانی بەڕێوەبەری ناحیە و قایمقام بووە، لە ساڵی ١٩٥٨ بووە بەسەرۆکی شارەوانی سلێمانی، ساڵی ١٩٦٣بووە بە سەرپەرشتیاری کارگێڕی لە وەزارەتی ناوخۆ، کودەتاچییەکانی ساڵی ١٩٦٣ لە هەمان ساڵدا خانەنشینیان کردووە، لە ساڵی ١٩٧٠ بووە بەجێگری سەرۆکی لقی سلێمانی یەکێتی نووسەرانی کورد و لە ساڵی ١٩٧١ بووە بەئەندامی کۆڕی زانیاری کورد، لە ساڵی١٩٧٧ بووە بە جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان، لە ساڵی١٩٨٠ لە پۆستەکەی خانەنشینکراوە، لەسەر هەڵوێستە نیشتیمانییەکانی لە ١٩ی ٣ی ١٩٨٨ لە هەولێر لە لایەن حکومەتی عێراقەوە دەستگیر دەکرێت و لە ٢٧ی ٦ی ١٩٨٨ لە ئەمنی عامەی هەولێر لە سێدارە دەدرێت (ئەحمەد، ٢٠٠٨، ١٧-٢٠؛ فەتاح، ٢٠٠٣،ب١، ٢٩-٢٤٧).

کتێبەکەی بە ناونیشانی(یەزیدی یەکان و ئایینی یەزیدی)یە، ئەم کتێبە لە ساڵی ١٩٧٠ لە چاپخانەی کامەران لە سلێمانی چاپکراوەو بریتییە لە(١٥٠)لاپەڕ، ناوەرۆکی کتێبەکە پێك هاتووە لە چەند سەرباسێك، لە پێشەکی کتێبەکەیدا مێژوونووس هۆکاری نووسینی کتێبەکەی دەربارەی ئایینی یەزیدییەکان بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە نووسین بە زمانی کوردی دەربارەی یەزیدییەکان و ئاینەکەیان زۆر کەمە(فەتاح، ١٩٧٠، ١-٥). لە سەرەتای کتێبەکەیدا (شاکر فەتاح)باس لە (شێخ عدی)دەکات، کەلە سەدەی دەیەمی زایینی ژیاوە، و پێی وایە ئەم کەسایەتییە پیرۆزیی زۆری لای یەزیدییەکان هەیە بەهۆی ئەوەی لە ڕۆژگاری خۆیدا خەڵکی بۆ ئیسلامەتی بانگ کردووە و دواجار تەریقەتی تایبەت بەخۆی هەبووە کە بە (ڕێرەوی عەدوی)ناسراوە(فەتاح، ١٩٧٠، ٦-١٥)، سەبارەت بەناوی یەزیدیەکان و کتێبی پیرۆزیان دەڵێت ناوەکەیان یان لە ناوی(یەزدان)ی باپیرەگەورەیانەوە وەرگیراوە یانیش لە وشەی(ئێزدی)بەواتای خواپەرست وەرگیراوە، هەروەها دەڵێت دووکتێبی پیرۆزی(مصحفارەش و جیلوە)یان هەیە کە هەم ئامۆژگاری و هەمیش باسی ڕابردووی یەزیدییەکانی تێداهاتووە(فەتاح، ١٩٧٠، ١٦-١٩).لەسەرباسێکدا بە (ناونیشانی چاپکراوەکانی مصحفارەش و جیلوە)، باس لە هەردوو کتێبی (مصحفارەش و جیلوە)ی کتێبی پیرۆزی یەزیدیەکان دەکات و ناوەڕۆکی هەردوو کتێبەکە زۆر بەکورتی دەخاتەڕوو(فەتاح، ١٩٧٠، ٢١-٣٧). لەچەند سەرباسێکی تردا باس لە نەریت و بیرکردنەوەکانی ئێزیدییەکان دەکات لە مەڕ بابەتەکانی لافاو و دەسەڵاتی مەلیکەتاوس و هیوا بە دوارۆژ و مردوناشتن و جەژنەکانی یەزیدەکان (فەتاح، ١٩٧٠، ٣٨-٧٥). لە سەرباسێکی

تردا بەناونیشانی (چینەئاینییەکانی یەزیدییەکان)، باس لە سەرداری شێخان کە خاوەنی دەسەڵاتی باڵای یەزیدییەکانە، و بابەشێخ خاوەنی دەسەڵاتی دووەمە، و پیر خاوەنی دەسەڵاتی ئاینییە دەکات (فەتاح، ١٩٧٠، ٧٦-١٠٣). لە سەرباسێکدا بە ناونیشانی (مێژووی یەزیدییەکان لەشەنگار و شێخاندا) بەکورتی باس لەو نەهامەتیانە دەکات یەزیدییەکان لە سەردەمی مەغۆلەکان و عوسمانییەکان و سەفەوییەکاندا لە چەند قۆناغێکی جیاوازدا تووشی هاتوون (فەتاح، ١٩٧٠، ١٠٤-١٢٢)سەرباسەکانی کۆتایی تەرخانکراوە بۆ باسکردن لە بیروباوەڕ و بنچینەی ئاینی یەزیدییەکان(فەتاح، ١٩٧٠، ١٢٣-١٤٩).

لە نووسینی ئەم کتێبەدا پشت بەستراوە بە(١٥)سەرچاوە، ئەوانیش بریتیین لە(١١)سەرچاوە بە زمانی عەرەبی و (٢)سەرچاوە بە زمانی ئینگلیزی لەگەڵ(٢) دەستنووسی شاکر فەتاح خۆی(فەتاح، ١٩٧٠، ١٥٠)، مێژوونووس بە پشت بەستن بەم سەرچاوانە وناوهێنانیان لە پەراوێزی کتێبەکەدا هەوڵیداوە زانیاریی وورد دەربارەی یەزیدییەکان و ئاینەکەیان بخاتەروو، ئەگەرچی پەیرەوی ڕێبازێکی دیاریکراو بۆ نووسینەوەی مێژوو نەکراوە، بەڵام لە زۆر شوێندا پەیرەوی ڕێبازی شیکاری کراوە بە بەراورد کردن و لێکدانەوەی بۆچوونی نووسەران دەربارەی لایەنە جیاوازەکانی یەزیدییەکان، لە هەمان کاتدا بۆچوون و لێکدانەوی نووسەری کتێبەکە لە هەموو شوێنێکدا ڕەنگی داوەتەوە. ئەمەش بە یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی مێژوونووسی سەرکەوتوو دادەنرێت(کار، ١٩٦٢، ١٠-١٤) بەڵام بایەخی زۆری کتێبەکە لەوەدایە بە زمانێکی سادەی کوردی نووسراوە. هەروەك شاکر فەتاح باسیکردوە بۆ ئەوکات زۆر گرنگ بووە، چونکە کتێبێك لە سەر یەزیدییەکان بە زمانی کوردی نەبووە(فەتاح، ١٩٧٠، ١).

## ٣-کەریم زەند:

ناوی کەریم کوڕی محەمەد ئاغا کوڕی حاجی سەلیمە، لە ساڵی ١٩٢٥ لە سلێمانی لەدایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە سلێمانی تەواو کردوە، لە ساڵی ١٩٤٤پەیمانگای مامۆستایانی لە بەغدا تەواوکردووە، پاشان بووە بە مامۆستا، بەڵام بەهۆی بەشداری کردنی لە پارت و کۆمەڵە ڕامیارییەکان چەندجار تووشی گرتن و دورخستنەوە بووە، دواتر دیپلۆمی باڵای لە مێژووی سیاسییدا لە قاهیرە خوێندووە(البیضانی، ٢٠١٢، ٣٤٩-٣٥٠)، لە دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (ڕۆژی نوێ و نووسەری کورد) بووە، لە گۆڤاری گەلاوێژ و چەندین گۆڤاری تردا بابەتی بڵاوکردووەتەوە، خاوەنی چەندین بەرهەمە لەب واری مێژوونووسیدا (باخچەیی، ٢٠٠١، ١٣٣-١٣٦). لە ڕێکەوتی٢٠١٧/١٠/١٠ کۆچی دوایی کردووە و لە سلێمانی بە خاك سپێردراوە( کۆچی دوایی کەریم زەند ٢٤net.https://www.kurdistan ).

مێژوونووس لەم ماوە دیاریکراوەدا خاوەنی دوو کتێبە کتێبی یەکەمی بە ناونیشانی(میللەتی کورد)، ئەم کتێبە کە کتێبێکی قەبارە بچووکە لە ساڵی ١٩٧٠ لە چاپخانەی کامەران لە سلێمانی چاپکراوە وبریتییە لە (٦١)لاپەڕە، کتێبەکە پێشەکی نییە و دابەشکراوە بەسەر چەند سەرباسێکدا، سەرباسی یەکەم بەناونیشانی (میللەت چیە؟) لەم بابەتەدا بە وردی پێناسەی نەتەوە دەکات و چەندین نموونە لەسەر نەتەوە جیاوازەکانی جیهان دەهێنێتەوە(زەند، ١٩٧٠، ٥-١٩). لە سەرباسێکی تردا بەناونیشانی (کۆسمۆپۆلیتی چییە؟) دەڵێت "بیروباوەڕی ڕەگەزایەتی و تیرەپەرستی و کەنارگیرییە هانی دوورکەوتنەوە لە نیشتیمان پەروەری دەدات"(زەند، ١٩٧٠، ١٩-٢٠). لەسەرباسێکی تردا لەژێرناوی (نیشتمان پەروەری چییە؟) دەڵێت "نیشتمان پەروەری لەناخی مرۆڤەکاندا هەڵدەقوڵێت و تەقەلای سەربەستی و ئازادی میللەت دەدات"(زەند، ١٩٧٠، ٢٠-٢٧). (میللەتی کورد) سەرباسێکی تری ئەم کتێبەیە، لەم باسەدا دەڵێت کوردستان نیشتمانی نەتەوەی کوردە، کەوتووەتە سنووری دەوڵەتانی تورکیا و عێراق و ئێران و سوریاوە، پاشان باس لە سنووری کوردستان و ژمارەیان و مێژووی خەباتی میللەتی کورد زۆر بە کورتی دەکات (زەند، ١٩٧٠، ٢٧-٤٥). (نەژاد و بنچینەی زوبانی کورد) کۆتا سەرباسی ئەم کتێبەیە و بەوردی لە نەژاد و شێوەزارەکانی زمانی کوردی دواوە(زەند، ١٩٧٠، ٤٦-٦١).

ئەم کتێبە بە زمانێکی کوردی سادە نووسراوە، و خوێنەرێکی ئاسایی دەتوانێت تێی بگات بەهۆی ئەوەی نووسەر شێوازێکی سادەی لە دەربڕین و وشەسازییدا پەیرەو کردووە، ئەمەش بە خاڵێکی ئەرێنی بۆ هەر مێژوونووسێك لە پرۆسەی مێژوونووسییدا دادەنرێت(عثمان، ١٩٦٥، ١٩٢-١٩٣) هەروەها لە نووسینەکانی ڕێبازی شیکاریی بەدی دەکرێت، بەتایبەتی ویستوویەتی بیروبۆچوونی خۆی لەناو بابەتە مێژووییەکان ڕەنگ

بداتەوە و لێکدانەوە بۆ زۆرێك لە بابەت و ڕووداوەکان بکات و بەراوردیان بکات، ئەمەش شێوازی سەرکەوتوو و پێویستی مێژوونووسینە(زریق، ١٩٦٣، ١٣١-١٣٩). هەروەها نووسەر لە نووسینی ئەم کتێبەدا پێنج سەرچاوەی بەکارهێناوە(زەند، ١٩٧٠، ٣)، بەڵام ناوی نووسەر و ناونیشانی کتێبەکانی بەتەواوی نەنووسیوە لەلاپەڕی سەرچاوەکاندا.

کتێبی دووەمی(کەریم زەند) بریتییە لە کتێبی(ئایین و باوەڕ لەکوردستان دا)ئەم کتێبە لە ساڵی ١٩٧١ لە چاپخانەی (کامەران) لە سلێمانی چاپکراوە، بریتییەلە (٩٢)لاپەڕ، ناوەڕۆکی کتێبەکە بریتییە لە پێشەکییەکی مێژوویی و دووبەش. لە پێشەکییەکەدا بەکورتی باس لە بیروباوەڕی گەلانی کۆنی ئاری دەکات و دەڵێت"باوەڕیان بریتیی بووە لە پەرستنی دیاردە و هێزەکانی سروشت(زەند، ١٩٧١، ٥-١١). بەشی یەکەم بریتییە لە باسکردن لە ئاینەکانی(زەردەشتی)و (یەزیدی) و (مانی) و (مەزدەکی) لەم بەشەدا باسی بیروباوەڕ و بنەماکانی ئەم ئاینانە و شوێنی بڵاوبوونەوەیان دەکات(زەند، ١٩٧١، ١٢-٦١). بەشی دووەمی کتێبەکە بە ناونیشانی(پاش ئیسلام)، لەم بەشەدا زۆر بەکورتی لە ساڵی٦٣٨ز کە ساڵی هاتنی ئاینی ئیسلامە بۆ ناوچەکانی کوردستان باس دەکات، پاشان تیشك دەخاتە سەر پێگەی کورد لە پاراستنی ئاینی ئیسلامدا بەتایبەتی لە سەردەستی سەلاحەدینی ئەیوبی لە ساڵی ١١٣٧ز دا بەرامبەر بە خاچپەرستان(زەند، ١٩٧١، ٦٢-٦٧)، پاشان باس لە ڕێبازەکانی (قادری و کاکەیی و شەبەکی و عەلی ئیلاهی و بەرەی هەقە و بەهائی) دەکات(زەند، ١٩٧١، ٦٨-٩٢).

ئەم کتێبە بەزمانێکی کوردی سانا نووسراوە، بە جۆرێك هەمووکەسێك دەتوانێت لێی تێبگات، کەئەمە لایەنێکی باش و گرنگی ئەم کتێبەیە، بەتایبەت لەو ماوەیەدا بوونی کتێبێکی تایبەت لەسەر ئاینەکانی کورد و بەزمانی کوردی پێویستییەکی زۆری خوێنەرانی کورد بووە، کەریم زەند بۆ نووسینی ئەم کتێبە پشتی بەستووە بە شەش سەرچاوە بەزمانی عەرەبی، هەروەك بۆخۆی لە سەرەتای کتێبەکەدا باسیکردووە(زەند، ١٩٧١، ٣)، بەڵام لە ناوەرۆك و پەراوێزدا ناوی سەرچاوەکان نەهاتووە، ئەمەش وای کردووە سەرچاوەی زانیارییەکانی بەووردی دیارنەبێت، لەلایەکی تر لێکدانەوەو بەراوردکاری زانیارییەکان لە نووسینی ئەم کتێبە بەدی ناکرێت بەڵکو زیاتر ڕێبازی وەسفی لە نووسینی مێژوودا پەیرەو کراوە و کۆمەڵێك زانیاری لەلایەن مێژوونووسەوە خراوەتەڕوو. ئەم شێوازە لە نووسین لەگەڵ بنەما زانستییەکانی ڕێبازی توێژینەوەی مێژوویی یەکناگرێتەوە(٥).

## ٤-عەبدولجەبار جەباری:

کتێبی دووەمی (عەبدولجەبار جەباری) لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لە (مێژووی ڕۆژنامە گەری کوردی) ئەم کتێبە ساڵی ١٩٧٠ لە چاپخانەی ژین لە سلێمانی چاپکراوەو بریتییە لە(١٩٠)لاپەرە. ناوەرۆکی ئەم کتێبە بەگشتی لە پێشەکییەك و چەند سەرباسێك پێك دێت(جباری، ١٩٧٠). لە پێشەکی کتێبەکەدا نووسەر دەڵێت "ئەوەی هانی نووسینی ئەم کتێبەی دام بریتییە لە پڕبایەخی بوارەکە و بایەخنەدانی نووسەرانی کورد بە بواری مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی" (جباری، ١٩٧٠، ٤-٨). لە سەرباسی یەکەمدا لە ژێر ناونیشانی (پێناسین و لێکدانەوەی مانا و وشەی ڕۆژنامەو گۆڤار)، لێکدانەوە بۆ مانای هەردوو وشەکە دەکات(جباری، ١٩٧٠، ٩-١٦). (ڕۆژنامەگەریی چییەو ڕۆژنامەگەر کێیە)، دوو سەرباسی ترن نووسەر تیایاندا پێناسەی ڕۆژنامەگەری و کەسی ڕۆژنامەگەر بەپشت بەستن بە چەند بۆچوونێکی نووسەرانی ئەم بوارە دەکات (جباری، ١٩٧٠، ١٧-٢٦). لە چەند سەرباسێکی تردا نووسەر بەکورتی باس لە دەرکەوتنی یەکەم ڕۆژنامە لە جیهاندا ساڵی ٩١١ پ.ز لە چین و پاشان کاریگەری داهێنانی ئامێری چاپ لە ساڵی ١٤٣٦ لە ئەڵمانیا لەسەر ڕۆژنامەگەری دەکات(جباری، ١٩٧٠، ٢٧-٤٣). لەم باسانەدا نووسەر زۆر بەووردی ناوی ڕۆژنامەکانی ئەوروپا لەو قۆناغانەدا بەپشت بەستن بەسەرچاوە تایبەتمەندەکانی بواری ڕۆژنامەگەریی لە ئەوروپا دەهێنێت. (دامەزراندنی یەکێتی ڕۆژنامەگەریی) سەرباسێکی تری ئەم کتێبەیە کە تێیدا مێژووەکەی بۆ کۆتایی سەدەی نۆزدە دەگێڕێتەوە، و بە هۆکاری بڵاوبونەوەی بەرفراوانی ڕۆژنامەکانی دادەنێت لە جیهاندا (جباری، ١٩٧٠، ٤٤-٤٨). (کەی هونەری ڕۆژنامەگەریی لە ناوکوردا پەیدا بوو) سەرباسێکی ترە، لەم بابەتەدا نووسەر باس لەقۆناغەکانی پێشکەوتنی بیری کورد لە ناوەڕاست و کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا دەکات، هەتا دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بەناوی(کوردستان) لە٢٢ی نیسانی ١٨٩٨ دەگات(جباری، ١٩٧٠، ٤٩-٦٤). (هۆکارەکانی پێشکەوتنی ڕۆژنامەگەریی کوردی) سەرباسێکە، تێیدا هۆکارەکانی سیاسی و دەرکەوتنی پارتە سیاسییەکان وباش بوونی باری ئابووریی و کۆمەڵایەتی و هێنانی

چاپخانه بۆ کوردستان لە لایەن حوزنی موکریانیەوە ساڵی ١٩٢٥ بەگرنگترین هۆکارەکان دادەنێت(جباری، ١٩٧١، ٦٥-٧٤). لە سەرباسێکی تردا بەناوی (ڕۆژنامەگەریی کوردی لەعێراق)، ناوی بیست و چوار ڕۆژنامە و گۆڤار دەهێنێت کە لەلایەن کوردان لە عێراقدا هەتا شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ دەرچوون، و بە کورتی باسیاندەکات(جباری، ١٩٧١، ٧٥-١٠٨). لە بابەتی (ڕۆژنامەگەریی کوردی لە سەردەمی شۆڕشی چواردەی تەموز)، باس لەوە دەکات شۆڕش ئاسۆیەکی فراوانی لەبەردەم ڕۆژنامەگەریی کوردی کردەوە(جباری، ١٩٧١، ١٠٩-١٣٤).

(ڕۆژنامەگەریی لەئێرانا) سەرباسێکی تری ئەم کتێبەیە کە تێیدا نووسەر باس لە چوارده ڕۆژنامەو گۆڤار دەکات، لە ساڵی ١٩٠٨ هەتاوەکو ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان لەساڵی ١٩٤٦ دەرچوون (جباری، ١٩٧١، ١٣٥-١٤٤). (ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکانی تورکیا) سەرباسێکی ترە تێیدا تیشکی خستووەتە سەر پێنج ڕۆژنامەو گۆڤار کە لە نێوان ساڵانی(١٩٠٧ - ١٩١٩) بەکوردی دەرچوون.

سەبارەت سوریا ناوی چوار ڕۆژنامە و گۆڤار دەهێنێت لە نێوان ساڵانی(١٩٣٢-١٩٤٥)بە زمانی کوردی دەرچوون، وبەکورتی باسی ڕۆژنامەگەریی نهێنی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم دەکات(جباری، ١٩٧١، ١٤٥-١٦٢). (ڕۆژنامەگەرە ناودارەکانی کورد) سەرباسێکی تری ئەم کتێبەیە نووسەر لەم بابەتەدا باس لە ژیان وچالاکی بواری ڕۆژنامەگەریی چەند کەسایەتییەکی کوردی وەك(پیرەمێرد، ئیبراهیم احمد،حسین حوزنی موکریانی)دەکات، پاشان (گیروگرفتەکانی ڕۆژنامەگەریی کوردی) دەکاتە دوا سەرباس و چەند گیروگرفتێکی بواری ڕۆژنامەگەریی کوردی دەخاتەڕوو(جباری، ١٩٧١، ١٦٣-١٨٨).

ڕێبازی توێژینەوەی زانستیی لە نووسینی ئەم کتێبە بریتییە لە ڕێبازی شیکاری، بەپشت بەستن بە چوار سەرچاوەی کوردی و هەژدە سەرچاوەی عەرەبی و چوار ڕۆژنامەی عەرەبی، کە زۆربەیان تایبەتن بە بواری ڕۆژنامەگەریی(جباری، ١٩٧١، ١٨٩-١٩٠)، سەربار لەگەڵ ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییانەی باسیکردوون و وێنەی بەرگی زۆرێکیانی لەکتێبەکەیدا بڵاوکردووەتەوە (جباری،١٩٧١، ٨٢-١٢٧)، نووسەر لێکدانەوە و شیکارییەکی وردی بۆ مێژووی سیاسی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم وکاریگەری لەسەر بارودۆخی ڕۆژنامەگەریی کوردی کردووە، لەسەر بنەمای بابەتی بوون و خستنەڕووی مادەکانی توێژینەوەکەی بەشێوەزارێکی ئاسانی کوردی، کە بەکارهێنانی زمانی پاك و پاراو بنەمایەکی سەرەکی سەرکەوتنی نووسینە(قادر، ٢٠١٩، ٢٣٩) هەموو ئەم تایبەتمەندییانەش بەتایبەتمەندییە بنچینەییەکانی ڕێبازی توێژینەوەی زانستی دادەنرێن(عثمان، ١٩٦٥، ١٩٢-١٩٧؛ عومەر، ٢٠١٩، ٢٤٠-٢٤٨).

## ٥-ڕەمزی قەزاز:

ڕەمزی محی الدین لەساڵی ١٩١٧ لە شاری سلێمانی لە دایك بووە، لە سەرەتای تەمەنیدا هەندێکی لە سلێمانی خوێندووە و پاشان بەکاری ترەوە سەرقاڵ بووە، وەك نووسەر و ئەدیب ناسراوە، لە کاردا لە شوێنێك جێگیر نەبووە، لە سلێمانی گوازراوەتەوە بۆ کەرکوك و بەغدا، لە ماوەی جەنگی دووەمی جیهانی(١٩٣٩-١٩٤٥) کاتێك بەریتانیا وێستگەی ئیزاعەی ڕۆژهەڵاتی نزیکی لە یافا دامەزراند ڕەمزی قەزاز سەرپەرشتی و بەڕێوەبەری بەشی کوردی بووە، کاتێك گەڕاوەتەوە عێراق لە سینەمای سلێمانی کاری کردووە، لە ساڵانی شەست و حەفتاکاندا چەند چیرۆکێکی نووسیوە، لە ساڵی ١٩٧٣ کۆچی دوایی کردووە(بابان، ٢٠٠٦، ٣٠٧).

کتێبەکەی بە ناونیشانی(بزووتنەوەی سیاسی و ڕۆشنبیری کورد لە کۆتایی چەرخی نۆزدەهەمەوە تا ناوەراستی چەرخی بیست)، ئەم کتێبە لەساڵی ١٩٧١ لە چاپخانەی (ژین) لە سلێمانی چاپکراوە و بریتییە لە (٢٤٧)لاپەڕ، ناوەڕۆکی کتێبەکە دابەشی سەر پەنجاو شەش سەرباس کراوە، جگە لە بابەتێکی تایبەت بە نەژاد و ڕەچەڵەکی کورد و بەکارهێنانی وشەی کوردستان بۆ یەکەم جار، سەرجەم باسەکانی تر تایبەتە بە مێژووی کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمی هەر چوار پارچەی کوردستان(قەزاز، ١٩٧١).

لە یەکەم سەرباسدا بەناونیشانی (پێشرەو) باس لەوە دەکات بۆ ماوەی هەشت ساڵ کاریکردووە لەپێناوی ئەوەدا بتوانێت کتێبێکی لەم شێوەیە بخاتە بەردەستی خوێنەرانی کورد (قەزاز، ١٩٧١، ٥-٨). دواتر کورتەباسێك تەرخاندەکات بۆ نەژاد و سەرەتای پەیدابوونی کورد و پەیدابوون و بەکارهێنانی وشەی کورد و کوردستان بۆ یەکەمجار، بە پشت بەستن بەچەندین سەرچاوەی تایبەت بەوبابەتانە کە بەڕوونی لەپەراوێزدا نووسیویانیە (قەزاز، ١٩٧١، ٩-٢٠). لەچەند باسێکی تردا تیشکی خێرا خراوەتە سەر بارودۆخی کوردستان بەگشتی لەدوای نەمانی

دەوڵەتی عوسمانی و دابەشکردنی کوردستان بەسەر چوار بەشدا(قەزاز،١٩٧١، ٢١-٣٥). لەچەند باسێکی تردا باس لە باروو دۆخی کوردستان و عێراق لە پێش جەنگی دووەمی جیهانیدا دەکات،و لەوماوەیدا باس لە شۆڕشی بارزانی ساڵی (١٩٤٣-١٩٤٥) دەکات، پاشان لە باسی باکووری کوردستاندا باس لەو هۆکارانە کراوە کە بوونە هۆی هەڵگیرسانی هەریەك لە شۆڕشەکانی شێخ سەعیدی پیران ساڵی ١٩٢٥ و شۆڕشی ئاگری داغی ساڵی١٩٢٧ ، و سیاسەتی تورکیای کەمالی بۆ لەناوبردنیان باس دەکات، دواتر باس لە پەیمانەکانی سەعد ئابادی(١٩٣٧) و پەیمانی بەغدا(١٩٥٥)دەکات (قەزاز، ١٩٧١، ٣٦-٥٠). دواتر لەسەرباسی (جولانەوەی رۆشنبیریی کورد) دا باس لە باری رۆشنبیریی و دەرچوونی رۆژنامە و گۆڤار لەلایەن کوردەکانەوە لەهەریەك لە وڵاتانی ئێران وعیراق و تورکیا و سوریا دەکات (قەزاز، ١٩٧١، ٥١-٦١).

لە رێگەی چەند سەرباسێکەوە بابەتەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی وکورد لە سەرەتای چەرخی بیستەما (قەزاز، ١٩٧١، ٦٢-٨٢). وبابەتی هاتنی ئینگلیز بۆ باشووری کوردستان و سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی لە ناوچەی سلێمانی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمدا (قەزاز، ١٩٧١، ٨٣-٩٧). و وەستانی شەڕی گەورە لە بەینی تورکیا و سوێندخۆراندا و یوەندییەکانی شێخ مەحمود و ئینگلیز لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٨) و خاڵە لاوازەکانی شێخ مەحمود و دابەش بوونی کەسانی چواردەوری شێخ مەحمود دەکات لە نێوان لایەنگری و دژایەتی کردنی ئینگلیزدا(قەزاز، ١٩٧١، ٩٨-١١٤)، لەم باسانەدا نووسەر خوێندنەوەیەکی وورد و بابەتیانەی بۆ بارودۆخی (شێخ مەحمود)و دەوروپشتەکەی لەو رۆژگارەدا کردووە. دواتر باسی ململانێی نێوان شێخ مەحمود و ئینگلیز و شەڕی دەربەندی بازیان ساڵی ١٩١٩ و بەدیلگرتنی شێخ مەحمود لەلایەن ئینگلیزو دوورخستنەوەی بۆ هندستان بارودۆخی کوردستانی باشوور لەنێوان ساڵانی(١٩١٩-١٩٢٢)دا کراوە(قەزاز ، ١٩٧١، ١١٤- ١٥٩). پاشان چەند بابەتێکی وەك ئەرمەنەکان و حکومەتی ئینگلیز و گەڕانەوەی شێخ مەحمود لە دیلی و هاتنی سمکۆ بۆ سلێمانی و پەیوەندی شێخ مەحمود و تورکەکان باس دەکات (قەزاز، ١٩٧١، ١٥٩-٢٢٣).

لە چەند سەرباسێکی کۆتایی ئەم کتێبەدا نووسەر بەکورتی لە چەند بابەتێك دەدوێت، لەوانەش ئەو نەهامەتییانەی تووشی خێزانی شێخ مەحمود دوای دەستگیرکردنی شێخ و ناردنی بۆ هندستان هاتن ،و خۆبەدەستەوەدانی شێخ مەحمود لە ساڵی ١٩٣١ و کۆتایی هاتنی یەکجاریی بە جوڵانەوەکەی،و ئەو رۆژنامە عەرەبییانەی لەبارەی شۆڕشی شێخ مەحمود یان نووسیوە زۆر بەکورتی یەك دوو نموونە دەهێنێتەوە، و (شۆڕشەکانی کورد بۆچی سەریاننەگرتووە) یەکێکە لەوبابەتانەی لەکۆتاییەکانی ئەم کتێبەدا باسیکردووە(قەزاز، ١٩٧١، ٢٢٤-٢٣٥).

نووسەر لە نووسینی ئەم کتێبەدا پەیرەوی رێبازێکی دیاری کراوی نەکردووە، و بۆچوونی نووسەر لەناو بابەتە مێژووییەکاندا بەتەواوی رەنگی داوەتەوە، و هەربابەتێکی کە باسیکردووە دەوڵەمەندن بەزانیاری پێویست، و نووسەر بە ووردی لێکدانەوەی بۆ رووداوەکان کردووە، ئەمەش گوزارشت لە سیمای زانستیی نووسەر دەکات، و بە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی مێژوونووسی سەرکەوتوو دادەنرێت(طه، ١٩٩١، ١٨-٢٢).

لە نووسینی کتێبەکەیدا پشتی بە(٣٥) سەرچاوە بەستووە بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و فارسی و ئینگلیزی(قەزاز، ١٩٧١، ٢٤١-٢٤٣)، ئەوەی لە بەکارهێنانی سەرچاوەکان بەدیدەکرێت ئەوەیە کە تەنها لە دوو باسی سەرەتایدا نەبێت لە باسەکانی تردا ناوهێنانی سەرچاوەکان لە پەراوێزدا یان لە ناوەرۆکدا زۆر بەدەگمەن هەستی پێدەکرێت، و سەرچاوەی زۆرترینی زانیاریەکانی بریتییە لە یاداشتەکانی (رفیق حلمی).

ئەم کتێبە لەگەڵ بوونی چەندین خاڵی بەهێز، بەڵام وەك هەر کارێکی تری مێژوونووسان لە چەند تێبینیەك بەدوورنیە، دیارترینیان ئەوەیە ئەم کتێبە کاتێك دابەشکراوە بەسەر چەند سەرباسێکدا سەرباسەکان و ناوەڕۆکیان بەپێی کات ریزبەندییان بۆ نەکراوە، بۆنمونە باس لە شۆڕشەکانی سەدەی بیستەم دەکات و دواتر دەگەڕێتەوە بۆ باسی دەوڵەتی عوسمانی، یان دووبارە کردنەوەی هەندێك بابەت بۆنموونە لە چەند شوێنێك باس لە دەسگیرکردنی شێخ مەحمود لەلایەن ئینگلیز ساڵی ١٩١٩ دەکات(قەزاز، ١٩٧١، ١٤٠-١٥٧، ٢٢٤-٢٤٣٤). هەروەها ناونیشانی کتێبەکەی برتییە لە (بزوتنەوەی سیاسی و رۆشنبیری کورد....) بەڵام لە ناوەرۆکدا بەرادەیەکی یەکجار زۆر باس لە بزوتنەوەی سیاسی کورد دەکرێت و تەنها لە چەند لاپەڕێکی کەم نەبێت باسی باری رۆشنبیریی کورد ناکات .

**٦-ابراهیم عمر(قاضی سلێمانی):**

ساڵی ١٩٣٠ لە سلێمانی لە دایك بووە ، ساڵی ١٩٥٢ کۆلێژی شەریعەی زانکۆی ئەزهەری لە قاهیرە تەواوکردووە، پاشان گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و بووەتە مامۆستای زمانی عەرەبی لە ناوەندیی سلێمانی، دواتر گوازراوەتەوە بۆ وەزارەتی داد و لە دادگاکانی ڕانیەو پشدەرو چەمچەماڵ کاریکردووە، دوای ئەوە چووەتە دادگای سلێمانی لە ١٩٦٨ و بووە بە قازی لە دادگای سلێمانی، چەندین بابەتی بەزمانی کوردی و عەرەبی لە گۆڤارەکانی (اربیل)و (هەتاو) بڵاوکردووەتەوە (بابان، ٢٠٠٦، ٢٢).

کتێبەکەی بە ناونیشانی(کورد لەناو ئاین و مێژوودا) لە چاپخانەی (ڕاپەرین) لە سلێمانی ساڵی ١٩٧٢ بەقەبارەی (١٣٤)لاپەڕ چاپکراوە، ناوەڕۆکی ئەم کتێبە دابەشی سەر (٩)بەند کراوە هەر بەندێکیش بریتییە لە چەند سەرباسێك، کتێبەکە هیچ پێشەکییەکی نییە بەڵکو بە ئایەتێکی قورئانی پیرۆز دەستپێدەکات(عمر، ١٩٧٢). بەندی یەکەمی کتێبەکە دابەشی سەر چەند سەرباسێکی لێك جیاواز کراوە کەبریتییە لە (بەهەشت، پەیدابوون، ئادەم و حەوا، نوح، لافاو سۆمەر، کۆرکێل، لانەی گەلان) نووسەری ئەم کتێبە بەچەند لاپەڕێکی کەم کۆتایی بە باسی هەموویان هێناوە(عمر، ١٩٧٢، ٦-١٧).سەرباسەکانی بەندی دووەم بریتیین لە(مێژوو، شەختە، ئادەمی کۆن، چەرموو، ئادەمی تازە)، لەم بەندەدا نووسەر زۆر بەکورتی تیشك دەخاتە سەر قۆناغەکانی گەشەی مرۆڤ و گۆڕانکارییەکانی جۆری ژیانیان (عمر، ١٩٧٢، ١٨-٢٢). لە بەندی سێیەمدا باس لە مێژووی نەتەوەی ئاری دەکات(عمر، ١٩٧٢، ٢٣-٣٦). بەندی چوارەم تایبەتە بەنەتەوەی ماد، لەم باسەدا بە دوورودرێژی لە مادەکان دەدوێت، هەر لەسەرەتای بوونیان وەکو تیرەیەك لەناوچەکانی خۆیان، هەتا دامەزراندنی دەوڵەتی ماد(عمر، ١٩٧٢، ٣٧-٦٤). لە بەندی پێنجەم دا باس لە فارسەکان دەکات بەپێی مێژووی مەسعودی(عمر، ١٩٧٢، ٦٤-٧٢).بەندی شەشەم بەناونیشانی (شارستانی)، تێیدا باس لەوە دەکات کە شارستانییەت لە هەزارەی سێیەم و چوارەمی پێش زاین لە ڕۆژهەڵات پەیدا بووە (عمر، ١٩٧٢، ٧٣-٨٧). بەندی حەوتەم بەناونیشانی (شەپۆلەکانی سامی)، لەم بابەتەدا باس لەوە دەکات کە سامییەکان بەسێ شەپۆل هاتوونەتە ناوچەکانی نێوان دوو ڕووبار (عمر، ١٩٧٢،٨٧-٩٦). بەندی هەشتەم لەژێرناونیشانی (سامی و ئاین) دا، باس لە ئاینی هەریەك لە تیرەکانی بابل و ئاشورییەکان وخواکانیان دەکات، بەندی نۆیەم و کۆتایی لەژێر ناونیشانی ئاگرو ئایینە، سەرەتای ئەم باسە بەگرنگی و بایەخی ئاگر و ڕووناکی لە ئاینەکاندا دەستپێدەکات، دواتر باس لە سەرەتای سروشت پەرستی لەلای گەلانی ئاری و کوردیش وەك یەکێك لەگەلانی ئاری دەکات (عمر، ١٩٧٢، ٩٦-١٣١).

لە نووسینی ئەم کتێبەدا نووسەر پشتی بەستووە بە (١٥) سەرچاوە هەروەکو بۆ خۆی لە کۆتایی کتێبەکەیدا ناوی کتێب و نووسەرەکانی نووسیوە(عمر، ١٩٧٢، ١٣٤)، ئەوەی لەڕێبازی پەیرەوکراوی مێژوونووسین بەدیدەکرێت ئەوەیە کە پەیرەوی ڕێبازێکی دیاریکراوی نەکردووە، دەکرێت ئەمەش بەهۆی هەمەچەشنی سەرباس و بابەتەکانەوە بووبێت، چونکە مێژوویکی دووروودرێژی وەرگرتووە و هەوڵی داوە هەمووشتێك باس بکات، ئەمەش بووە بەخاڵێکی لاواز بۆ کتێبەکەی، چونکە خوێنەری ئەم کتێبە لە زۆربەی بابەتەکان ناتوانێت زانیاری و تێگەیشتنێکی تەواوی دەسکەوێت بەهۆی زۆری ناونیشان و کورتی بابەتەکان، ئەم شێوازی نووسین و کورتبڕییە بووەتە هۆی ئەوەی کەنووسەر خۆی لەشیکارکردن و لێکدانەوەدا ون بێت و زیاتر تەنها زانیارییەکانی سەرچاوەکان بگوازێتەوە، ئەم کارەش بووەتە هۆی دورکەوتنەوەی نووسەر لە یەکێك لەبنچینە سەرەکییەکانی مێژوونووسیین کە ئەویش لێکدانەوە و شیکارییە(الجبوری، الجانبی، ٢٠١٣، ٣٢-٣٣) بەڵام لەگەڵ ئەم تێبینیانەش ئێمە پێمان وایە ئەم کارە یەکێکە لەکارە دەگمەنەکانی ئەو ماوە مێژووییە، لەبەر ئەوەی خەڵکانێکی کەم خۆیان لە قەرەی قۆناغەکانی مێژووی کۆنی کورد داوە، بەهۆی کەمی سەرچاوە و ناڕوونی زانیارییەکان و بوونی گومان لەسەر هەربابەتێکی مێژوویی ئەوقۆناغە، لەوەش زیاتر بابەتی ئاین و بیروباوەڕ لە کۆندا،

## ئەنجامەکان:

-لە نێوان ساڵانی(١٩٦٨-١٩٧٥) ئەو کتێبانەی بچنە بو‌واری مێژوونووسییەوە و بەزمانی کوردی لەلایەن مێژوونووس و نووسەرانی کوردەوە لە عێراقدا بەچاپ گەیەنرابن بریتیین لە (١٤)کتێب.

-ڕێبازی مێژوونووسی پەیرەوکراو لە نووسینەوەی مێژوودا لای هەر مێژوونووسێك جیاواز بووە، و هەریەکەیان بەپێی تێگەیشتن و ئاستی زانستیی خۆی ڕێبازێکی جیاوازی لە نووسینی کتێبەکەیدا پەیرەوکردووە.

-لە نێوان ساڵانی(١٩٦٨-١٩٧٥)ئەو کتێبانەی لە بو‌واری مێژوویيدا بە زمانی کوردی نووسراون هەموویان لەلایەن کەسانی خاوەن پسپۆڕیەتی مێژوو نە نووسراون، بەڵکو کەسانی ئاسایی و پیاوانی سیاسی و ئاینی و مامۆستایانی قوتابخانەکان نووسیویانن و هەندێکیشیان لەلایەن کەسانی ئەکادیمی بو‌واری مێژوودا نووسراون.

-دەتوانرێت بوترێت کتێبە مێژووییەکانی ئەو ماوە دیاریکراوە بۆ مێژووی کورد تەرخانکراون، و بەشێوەیەکی گشتیی لایەنەکانی سیاسیی و ئاینی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی مێژووی کورد لە قۆناغە جیاوازەکاندا قسەیان لەبارەوە کراوە.

## پەراوێزەکان:

١- بۆ گرنگی پابەند بوون بەڕێبازی مێژوونووسی بڕوانە (الجبوری، الجنابي، ٢٠١٣؛ عومەر،٢٠١٩).

٢- لەم بارەیەوە بڕوانە(قادر، ٢٠١٩، ٢٣٦)(هـ.أ.مارو، ١٩٧١، ٥٥).

٣- بۆزانیاری زیاتر دەربارەی کار و چالاکی و ژیانی ئەحمەد تەقی بڕوانە (تەقی، ١٩٧٠).

٤- بۆزانیاری زیاتر دەربارەی ژیان و بەرهەمە زانستیەکانی مێژوونووس بڕوانە( محمد، ٢٠١٣، ١٨-١٧٠ ؛ علي، ٢٠١٨، ٧-٧٣).

٥- لەم بارەیەوە بڕوانە(الجبوري, الجانبي، ٢٠١٣؛ عثمان, ١٩٦٥؛ عومەر، ٢٠١٩).

## سەرچاوەکان:

### سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:


- ئەحمەد، بەهادین، شاکر فەتاح و ڕۆڵی لە ڕۆژنامەنووسی کوردییدا ، چاپخانەی ڕۆژ، کەرکوك، ٢٠٠٨.

-ئەحمەد، کەمال مەزهەر،کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهاندا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ، ١٩٧٥.

- باخچەیی، عوسمان سەیدقادر، ژیاننامەی مێژوونووسانی کورد، چاپخانەو ئۆفسێتی بەدرخان، سلێمانی ، ٢٠٠١.

- تەقی، ئەحمەد، خەباتی گەلی کورد لەیاداشتەکانی ئەحمەد تەقی دا ، چاپخانەی سلمان الاعضمي، بەغداد، ١٩٧٠.

- جەباری ،عەبدولجەبار محەمەد، مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی، چاپخانەی ژین ، سلێمانی ، ١٩٧٠.

- جەباری، عەبدولجەبار محەمەد، کۆی بەرهەمە کوردییەکانی(جەبار جەباری) شەهید و نووسەر، کۆکردنەوە و لەسەر نووسینی(سمکۆ جەباری) ، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٤.

- جەباری، عەبدولجەبار محەمەد، ئافرەتە ناودارەکانی کورد، چاپخانەی جمهوریە، کەرکوك، ١٩٦٩.

- حەوێزی، ملا ڕۆووف سلیم، کوردستان و ئاینی ئیسلام، هاتنی سوپای عمری کوڕی خەتاب وەگرتنی کوردستان، چاپخانەی جامعە، بەغداد ، ١٩٧٠.

- حیلمی، ڕەفیق، یاداشت ، چ٣، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٣ .

- خواجە، ئەحمەد ، چیم دی، بەرگی یەکەم، بغداد، چاپخانەی شفیق، ١٩٦٨.

- خواجە، ئەحمەد، چیم دی، بەرگی دووهەم ، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، ١٩٦٩.

- خواجە، ئەحمەد، چیم دی، بەرگی سێهەم ، چاپخانەی ڕاپەڕین ، سلێمانی ، ١٩٧٠.

- زراری، سەنگەر، هونەری ژیاننامە، شێوازەکانی نووسینەوەی: بیرەوەری ، گەشتنامە، ڕۆمانی ژیاننامەیی ، تەفسیر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠١٩.
- زند، کریم ، مللەتی کورد ، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، ١٩٧٠.
- زند، کریم ، ئاین و باوەر لەکوردستان دا ، چاپخانەی کامەران ، سلێمانی ، ١٩٧١.
- شوانی، ئاکۆ عەبدولکەریم، شاری سلێمانی (١٩١٨-١٩٣٢)لێکۆڵینەوەیەکی مێژویی/ سیاسییە ، چاپخانەی زانست، سلێمانی ٢٠٠٢.
- علی، بارزان محمد، د.کەمال مەزهەر ژیان و بەرهەم و ڕێبازی لەنووسینەوەی مێژوودا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٨.
- عمر , ابراهیم, کورد لەناو ئاین و مێژوودا، چاپخانەی ڕاپەرین, سلێمانی، ١٩٧٢.
- عومەر، سەرور عەبدولرەحمان، ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٩.
- فەتاح، شاکر، یەزیدی یەکان و ئایینی یەزیدی، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، ١٩٧٠.
- فەتاح، شاکر، ئاوێنەی ژیانم- کتێبی یەکەم سەرجەم بەرهەمەکانی شاکر فەتاح، (ڕێکخستن ولێکۆڵینەوەی ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٣.
- قادر، مەهدی محەمەد، سەربوردەی مێژوونووسێك، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠١٩.
- قەزاز، ڕەمزی، بزووتنەوەی سیاسی و ڕۆشنبیری کورد لەکۆتایی چەرخی نۆزدەهەمەوە تاناوەراستی چەرخی بیست، چاپخانەی ژین، سلێمانی، ١٩٧١.
- قەفتان، صالح ، مێژووی نەتەوەی کورد ، چاپخانەی سلمان الاعضمي، بەغداد ، ١٩٦٩ .

**سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:**

- البيضاني , جواد كاضم ,التأريخ والمؤرخون الكرد, داروكتبة البيضاء , لبنان, ٢٠١٢.
- الجبوري, حسين محمد جواد, الجانبي, قيس حاتم هاني, منهجية البحث التاريخي الأسس والمفاهيم والأساليب العلمية, دار صفاء للنشر والتوزيع, عمان, ٢٠١٣.
- الدوري, عبدالعزيز, وأخرون, تفسير التاريخ , مطبعة الأرشاد , بغداد , ١٩٦٣ .
- بابان, جمال, اعلام كرد العراق, الجزء الاول, مطبعة شڤان, السليمانية, ٢٠٠٦.
- زريق, قسطنطين, نحن والتاريخ, دارالعلم للملاين , بيروت, ١٩٦٣.
- طه، عبدالواحد ذنون، اصول البحث التاريخي، مطبعة دار الحكمه للطباعة والنشر، الموصل، ١٩٩٠.
- عثمان، حسن، منهج البحث التاريخي, دارالمعارف, القاهرة, ١٩٦٥.
- كار، ادوارد، ماهو التاريخ، ترجمه(احمد حمدى محمود)، وزارة تعليم العالى، القاهرة، ١٩٦٢.
- هـ. أ. مارو، من المعرفة التاريخية، المطبعة الثقافية، مصر، ١٩٧١.

**نامەی ئەکادیمی بە زمانی عەرەبی:**

-محمد، دلير خالد، دور الدكتور كمال مظهر أحمد في تدوين التاريخ العراقي ١٩٦٧-٢٠٠٩م, رسالة ماجستير, كلية الأداب قسم التاريخ، جامعة بيروت العربية، ٢٠١٣.

سەرچاوە ئەلیکترۆنیەکان:

https://www.kurdistan24.ne- کۆچی دوایی کەریم زەند.. مێژووی سەردانی ٢/٣/٢٠٢٠.
- https://www.gilgamish.org/ المؤرخ احمد خواجه... مێژووی سەردانی ٦/٨/٢٠٢٠.